ئیسلام
بەرنامەی ژیانە

(الإسلام منهاج الحياة)

هەندێك ئامۆژگاری و ڕێنمایی گرنگ بۆ تێكڕای موسڵمانان
وتارێكی ڕۆژی عەرەفە لە خۆی گرتووە كە لە مزگەوتی (نمرة)دا لە پانتایی عەرەفەدا
پێشكەشكراوە لە لایەن زانای ڕێزدار :

عبد العزيز بن عبد الله آل الشيخ حفظه الله

(موفتی تێكڕای شانیشینی عەرەبستانی سعودیٚ و سەرۆكی دەستەی گەورە زانایان)

وەرگێڕانی

مامۆستا محمد عبد الرحمن لطيف

وتارخوێنی مزگەوتی (شێخ إبراهيم) / كەلار

پێداچونەوەی زانای پایەدار

مامۆستا عبداللطيف أحمد

چاپی یەكەم **١٤٣٦ ك**

بڵاوكراوەكانی

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

✉ malpariba8@yahoo.com

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

كتێبی ژمارە ﴿١٦٩﴾ لە كتێبخانەی ماڵپەڕی بەهەشت

بسم الله الرحمن الرحیم

*** پێشەكی وەرگێڕ** :

الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ، وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ ، وَصَلَّى اللهُ وَسَلَّمَ عَلَى عَبْدِهِ وَرَسُوْلِهِ نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَأَصْحَابِهِ أَجْمَعِيْنَ .أَمَّا بَعْدُ :

خوێنەری بەڕێز : ئەم كتێبەی بەردەستت لە بنەڕەتدا بریتی بووە لە (وتاری ڕۆژی عەرەفەی ساڵی (١٤٣٢) كۆچی كە لە حەجی ئەو ساڵەدا لە ناو مزگەوتی (نەمیرە)دا لە لایەن زانای ڕێزدار (عبد العزيز بن عبد الله آل الشيخ) (**موفتی تێكڕای شانیشینی عەرەبستانی سعودیٚ و سەرۆكی دەستەی گەورە زانایان**)ەوە پێشكەشكراوە و دواتر نووسراوەتەوە و بە ناونیشانی (**الإسلامُ منهاجُ الحياة**) لە لایەن (وەزارەتی ئەوقاف و بانگەواز و ڕێنمایی / وەكیلی وەزارەت بۆ كاروباری مزگەوتەكان و بانگەواز و ڕێنمایی)ـەوە لە چاپدراوە .

ئێمەیش لەبەر زۆر گرنگی و پڕ سوودی بابەتەكە بە پێویستمان زانی كەوا وەریبگێڕینە سەر زمانی كوردی شیرین .

جێی ئاماژە پێكردنە : سوپاس بۆ خوای گەورە لە پاش تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر ئەم وتارەدا لە حەجی ساڵی (١٤٣٣)دا گەیشتمە خزمەتی ئەم زانا زۆر گەورە و بەڕێزە و لە شوێنی حەوانەی تایبەتی خۆی بەرامبەر و نزیك لە (مزگەوتی زانا و پێشەوای پایەدار عبد العزيز بن باز رحمه الله) بۆ ماوەی زیاتر لە نیو سەعات لەگەڵیدا دانیشتم و زۆر ڕێزی لێگرتم و پێشوازییەكی گەرمی لێكردم و بە بایەخەوە گوێی لێدەگرتم و پرسیاری بارودۆخی موسڵمانان و بانگەوازی ئیسلامەتی لە كوردستاندا لێكردم و زۆر دوعای خێری بۆ خەڵكی كوردستان كرد و ئامۆژگاری كردم بە خزمەت كردنی ئیسلام و موسڵمانان و گرنگی و بایەخدان بە زانستی شەرعی و گەیاندنی بە موسڵمانان .

هەروەها (لە سەرەتای مانگی حاجییانی ئەو ساڵەوە تاوەكو ڕۆژی هەشتەمی و چەند ڕۆژی دوای تەواو بوونی حەج)ی ئەو ساڵەیش ئامادەی تێكڕای وتە و وەڵامدانەوەی بەڕێزیان بۆ ئەو پرسیارانەی كە ئاراستەیان دەكرا بووم ، ئەمەیش لە شاری مەككەی پیرۆز لە ناو (مزگەوتی زانا و پێشەوای پایەدار عبد العزيز بن باز رحمه الله) لە پێش و پاش پێنج نوێژە فەرزەكان .

داواكارم لە خوای گەورە ئەو حەجەی لێقەبوڵ كردبین ، وە بەم كتێبەیش سوود بگەیەنێت بە موسڵمانان و لێمانی قەبوڵ بكات ، بەڕاستی خوا بەخشندە و میهرەبانە .

وَصَلَّى اللّهُ وَسَلَّمَ عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وَآلِهِ وَصَحْبِهِ

***

بسم الله الرحمن الرحيم

* ئامۆژگاری بە تەقوا :

إِنَّ الْحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَتُوبُ إِلَيْهِ ، وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا ، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدَاً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ وَسَلَّمَ تَسْلِمَاً كَثِيراً إِلَى يَوْمِ الدِّيْنِ .

أَمَّا بَعْدُ :

ئەی خەڵکینە :

لە خوای گەورە بترسن ترسانێکی ڕاستەقینە ، وە ئاگاتان لە چاودێری خوا بێت بۆتان لە کاتی نهێنی و چپەیشدا ، بۆ ئەوەی چاکە و خێرتان دەست بکەوێت لە دونیادا و سەرکەوتن و سەرفرازیش لە دواڕۆژدا .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ [آل عمران].

واتە : ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕدارن لە خوا بترسن ترسانێکی ڕاستەقینە کە حەق و مافی تەقوای تێدا بە دی بێت ، وە نەشمرن ئیللا بە موسڵمانی نەبێت .

* ئامانج لە ناردنی پێغەمبەر (مُحَمَّد ﷺ) :

خوای گەورە پێغەمبەر (مُحَمَّد ﷺ)ی ناردووە بە ڕێنمایی و دینی حەق [واتە : بە زانستی بەسوود و کردەوەی چاکە] مژدەدەر و وریاکەرەوەیە بە پەیامێکی گشتی بۆ هەموو بونەوەر ، بۆ ئەوەی خەڵکی لە تاریکاییەکانی بێباوەڕی و گومڕاییەوە دەربهێنێت بۆ ڕووناکی یەکخواپەرستی و ئیمان و باوەڕ ، وە لە تاریکاییەکانی نەفامی و نەزانییەوە بۆ ڕووناکی زانست و هۆشمەندی و ژیری ، وە لە پەرستنی نەفسەکان و شەیتانەوە بۆ پەرستنی خوای دەسەڵاتداری پاداشتدەرەوە ، وە لە ئارەزووە ئاژەڵیەکانەوە بۆ ڕەوشتە بەرزە ئیسلامییەکان ، وە لە وابەستەبوون بەماڵی دونیای کۆتایی پێهاتووەوە بۆ وابەستەبوون بە ماڵی دواڕۆژی هەتاهەتایی و پڕ نازونیعمەت لە ناو باخە بەرزەکانی بەهەشتدا .

* ئیسلام بەرنامەی ژیانە بۆ مرۆڤەکان :

ئەی موسڵمانان :

بەڕاستی خوای گەورە ئاینی ئیسلامی داناوە بۆ ئەوەی ببێت بە بەرنامەی ژیانی مرۆڤایەتی کە بە پێی دەقاودەقی بڕیار و ڕێنماییەکانیەوە ژیانیان بەڕێوە ببەن ، چونکە هیچ بوارێك نییە لە بوارەکانی ژیانی دونیا ئیللا ئاینی ئیسلام بڕیار و ڕوونکردنەوەی تێدا هەیە لە بارەیەوە ، بۆ ئەوەی بەندەکان ئەو ئامانج و مەبەستەی کە بۆی دروستکراون بەجێبێنن ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾﴾ [الذاريات] .

واتە : من جنۆکە و مرۆڤم دروست نەکردووە ئیللا بۆ ئەوە نەبێت کە بە تەنها من بپەرستن .

وە بۆ ئەوەی تێکڕای ژیانیان ڕێك و ڕاست و دامەزراو بێت بە روخسار و شێوەی ئیسلام لە بوارەکانی عەقیدە و بیروباوەڕ و پەرستن و هەڵسوکەوت و باری کەسێتی و مامەڵە و ئەخلاق و ڕەوشت و سیاسەت و فێرکردن و جگە لەوانەش ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَالَمِينَ ﴿١٦٢﴾ لَا شَرِيكَ لَهُۥ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿١٦٣﴾﴾ [الأنعام] .

واتە : ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بە خەڵکی بڵێ : بەڕاستی نوێژ و حەیوان سەربڕین و ژیان و مردنم هەمووی بۆ خوای پەروەردگاری هەموو جیهانیانە ، هیچ شەریکی نییە و بەوەیش فەرمانم پێکراوە و بڕیاریش دەدەم کەوا من یەکەم کەس بم ملکەچی فەرمانەکانی خوا ببم .

وە ئاینی ئیسلام ئەم بەرنامەیەی داڕشتووە و وێناکردووە بە گەورەترین ڕوونکردنەوە و ئاشکراترین دەستەواژە ، هەر بۆیە بەڵگەکانی جێگیر کردووە و دروشمەکانی ڕوونکردووەتەوە و بناماکانیی جێگیر کردووە بە بێ چەواشەبوون و ئاڵۆزی ، خوای گەورە فەرموویەتی :

﴿كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ إِلَيْكَ مُبَٰرَكٌ لِّيَدَّبَّرُوٓا۟ ءَايَٰتِهِۦ وَلِيَتَذَكَّرَ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٢٩﴾﴾ [ص] .

واتە : ئەم قورئانە کتێبێکی پڕ خێر و بەرەکەتە دامانبەزاندووە بۆ تۆ بۆ ئەوەی شوێنکەوتووانت تێڕامان و تێفکرانی ئایەتاکانی بکەن و بۆ ئەوەی خاوەن دڵ و ژیرییەکان پەندی لێوەربگرن .

هەروەها فەرموویەتی : ﴿مَّا فَرَّطْنَا فِى ٱلْكِتَٰبِ مِن شَىْءٍ ﴿٣٨﴾﴾ [الأنعام][1].

---

[1] تێبینی : هەندێك لە زانایان دەڵێن : مەبەست بە وشەی (ٱلْكِتَٰبِ) لەم ئایەتدا بریتییە لە (القـرآن) ، وە هەندێکی تریشیان دەڵێن : مەبەست پێی بریتییە لە (اللوح المحفوظ) نەك (القرآن) .

واتە : ئێمە لەم کتێبەدا کەمتەرخەمیمان نەکردووە و هیچ شتێکمان بەجێنەهێشتووە تۆمار نەکرابێت .

هەروەها فەرموویەتی : ﴿وَنَزَّلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ تِبۡيَٰنٗا لِّكُلِّ شَيۡءٖ ۝٨٩﴾ [النحل] .

واتە : ئێمە قورئانمان دابەزاندووەتە سەر تۆ کە ڕوونکردنەوەی هەموو شتەکانی تێدایە .

واتە : ئاینی ئیسلام هەموو بوارەکانی ژیانی تێدا باسکراوە و ڕوونکردنەوەی لەسەرداوە و هیچ شتێك نییە باسی نەکردبێت .

* بنەماکانی بیروباوەڕی ئیسلامەتی :

ئاینی ئیسلام بنەماکانی بیروباوەڕی ڕوونکردووەتەوە بۆ موسڵمانان لە **باوەڕبوون بە خوا و پاك کردنەوەی یەکخوا پەرستی بۆی** ، وە ئەنجامدانی هەموو پەرستنەکان بۆ خوای گەورە و ئەم پەرستنە هیچ کەسێك شایستەی نییە جگە لە خوای گەورە نە فریشتەیەکی نزیك لە خوا و نە هەواڵپێدراوێکی نێردراویش .

وە ڕاستێتی و حەقیقەتی یەکتاکردنەوەی خوا بە ناو و سیفەتەکانی بۆیان ڕوونکردووەتەوە بەوەی کەوا ناو و سیفەتەکان بۆ خوای گەورە بسەلمێنن بەو شێوازەی کە شایستەیەتی ، سەلماندنێکی بێنموونە بۆ هێنانەوە ، وە پاکڕاگرتنێکی بێ پەکخستن (إثباتٌ بلا تمثيل ، وتنزيهٌ بلا تعطيل) ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ۝١١﴾ [الشورى] .

واتە : هیچ شتێك وەکو خوا نییە و خوایش بیسەر و بینەرە .

قال الشوكاني : (**قوله** :﴿مَّا فَرَّطۡنَا فِي ٱلۡكِتَٰبِ مِن شَيۡءٖۚ﴾ أي : ما أغفلنا عنه ولا ضيعنا فيه من شيء ، **والمراد بالكتاب : اللوح المحفوظ** ، فإن الله أثبت فيه جميع الحوادث ، وقيل : **إن المراد به القرآن ، أي ما تركنا في القرآن من شيء من أمر الدين إما تفصيلاً أو إجمالاً** ، ومثله قوله تعالى ﴿وَنَزَّلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ تِبۡيَٰنٗا لِّكُلِّ شَيۡءٖ ۝٨٩﴾ [النحل] ، ... وأخرج ابن جرير وابن المنذر عن ابن عباس : ﴿مَّا فَرَّطۡنَا فِي ٱلۡكِتَٰبِ مِن شَيۡءٖۚ﴾ يعني : ما تركنا شيئاً إلا **وقد كتبناه في أم الكتاب**) [فتح القدير : (٢ / ١٤٣) وانظر : تفسير الطبري والبغوي والسعدي] .

وقد قال الشيخ ابن العثمين رحمه الله : (أيها الإخوة : إن بعض الناس يفسر قول الله تعالى: ﴿مَّا فَرَّطۡنَا فِي ٱلۡكِتَٰبِ مِن شَيۡءٖۚ﴾ على أن الكتاب : القرآن ! **والصواب : أن المراد بالكتاب هنا اللوح المحفوظ** ، وأما القرآن فإن الله تعالى وصفه بأبلغ من النفي وهو قوله : ﴿وَنَزَّلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ تِبۡيَٰنٗا لِّكُلِّ شَيۡءٖ﴾) [الإبداع في بيان كمال الشرع وخطر الابتداع ص : (٧ ـــ ٨)] .

www.ba8.org

وە **باوەڕبوون بە فریشتە نزیکەکان لە خوا** و پاکوبێگەردیان لە هەموو ئەو کەموکوڕییانەی کە بەسەر مرۆڤەکاندا دێن بۆ روونکردووەتەوە ، وە فریشتەکان بەندەی ڕێزلێگیراون ، وە ﴿لَّا يَعۡصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمۡ وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ ٦﴾ [التحريم] واتە : فریشتەکان سەرپێچی خوا ناکەن لەوەی کە فەرمانیان پێدەکات و ئەوەیش ئەنجامدەدەن کە فەرمانیان پێدەکرێت ئەنجامی بدەن .

وە فریشتەکان : ﴿يُسَبِّحُونَ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ لَا يَفۡتُرُونَ ٢٠﴾ [الأنبياء] .

واتە : بە شەو و بە ڕۆژ بەردەوام تەسبیحاتی خوا دەکەن بە بێدابڕان .

وە **باوەڕبوون بە کتێبەکانی خوای گەورە** کە دایانیبەزاندووەتە سەر پێغەمبەرانی بۆ روونکردووەتەوە کە بریتین لە : زەبور و تەورات و ئینجیل و قورئان و پەڕاوەکانی ئیبراهیم ، بەڵام قورئانی پیرۆز لە هەموویان باشترە و گشتگیر ترە ، وە زاڵ و بڕیاردەرە بەسەر هەموویانەوە ، حەق و ڕاستی یەکلا دەکاتەوە و باتڵ و ناڕەوایش هەڵدەوەشێنێتەوە و پوچەڵی دەکاتەوە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَمُهَيۡمِنًا عَلَيۡهِۖ ٤٨﴾ [المائدة] .

واتە : ئێمە قورئانمان دابەزاندووە بۆ تۆ بە حەق و ئەو کتێبانەی پێش خۆی بەڕاست دەخاتەوە و هەموو ئەو بەرژەوەندیانەشی تێدایە کەوا لە کتێبەکانی پێشوودا هەبووە و زاڵ و بڕیاردەریشە بەسەر هەموویاندا .

هەروەها **باوەڕبوون بە پێغەمبەرانی خوا** کە خوای گەورە هەڵیبژاردوون بۆ ڕێنمایی کردن و هیدایەتدانی مرۆڤایەتی ، باوەڕمان بە هەر هەموویان هەیە و جیاوازی ناکەین لە نێوانیان ، وە پێغەمبەران جیاوازن و لە فەزڵ و چاکێتیدا لە یەك ئاستدا نین ، بەڵام باشترینیان و سەروەریان و کۆتایی پێهێنەریان موحەممەدە (ﷺ) ، باوەڕبوون پێی باوەڕبوونە بە هەموو پێغەمبەران ، وە بێباوەڕبوون پێی بێباوەڕبوونە بە هەموو پێغەمبەران ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّن رُّسُلِهِۦۚ ٢٨٥﴾ [البقرة] .

واتە : پێغەمبەری خوا باوەڕی هێنا بەوەی کە لە لایەن پەروەردگاریەوە دابەزیوەتە سەری و

هـەروەها ئیمانـدارانیش ، هـەموویان باوەڕیـان هێنـاوە بـە خـوا و فریـشتەكانی و كتێبـەكانی و پێغەمبەرانی و جیاوازی ناكەین لە نێوان هیچ یەكێك لە پێغەمبەرانی .

هەروەها **باوەڕبوون بە قەزا و قەدەری خوای گەورە** ، وە بەوەی كە هەر شـتێك خـوا بیـەوێت ببێت دەبێت و ئەوەیش كە خوا نەیەوێت ببێت نـابێت ، وە باوەڕبوون بـەوەی كـە هـەر شـتێك لەم بوونەوەرەدا ڕوودات ئەوە بە پێی ویستی گەردوونی خوایە و گونجاوە لەگەڵ ئەوەیش كە لە (پەڕاوی پارێزراو / اللوح الـمحفوظ)دا تۆماركراوە و هەر لە ئەزەلەوە بڕیاری لەسـەر دراوە ، هیچ شتێك لەوە بەدەر نابێت نە لە ڕووداوەكانی گەردوون و نە لە هەڵسوكەوتەكانی مرۆڤیش

وە باوەڕبوون بەوەیش كە خوای گـەورە ویـستیداوە بـە بەنـدە كـە بـە ویـستی خـۆی ئـەوە هەڵبـژێرێت كـە دەیـەوێت ، جـا ئەگـەر خێـر و چاكەی هەڵبـژارد ئـەوا پاداشـتی خێـری لەسـەر دەدرێتەوە ، وە ئەگەر شەڕ و خراپەیشی هەڵبژارد ئـەوا سزادەدرێت لەسـەری ، خـوای گـەورە فەرموویـــەتی : ﴿ فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ ۝٧ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ ۝٨ ﴾ [الزلزلة] .

واتـە : هەركەسـێك بـە كێـشی مێروولەیـەكی بـچوك خێـر و چاكە بكـات ئـەوا لـە قیامەتـدا دەیبینێتەوە ۝٧ وە هەركەسێك بـە كێـشی مێروولەیـەكی بـچوك شـەڕ و خراپـە بكـات ئـەوا لـە قیامەتدا دەیبینێتەوە .

هەروەها فەرموویەتی : ﴿ قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا ۝٩ وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا ۝١٠ ﴾ [الشمس] .

واتە : ئەو كەسەی كە ناخ و دەروون و نەفسی خۆی پاك دەكاتەوە لە ویستی خراپە و تـاوان سـەرفراز و سـەركەوتوو دەبێـت ۝٩ وە ئـەو كەسـەیش كـە دەیـشارێتەوە لـە خۆپـاك و خـاوێن كردنەوە و خۆی گومڕا دەكات ئەوا دۆڕاو و زەرەرمەند دەبێت .

وە عـەبـد بـاوەڕی بـەوە هەبێـت كـە ژیانـی بـەردەوام نـیـە لـەم دونیایـەدا ، بەڵـكـو لـێـیـەوە دەگـوێزرێتـەوە بۆ نـاو گۆڕ ، دوای ئەوەیش یان خۆشگوزرانییە یان سـزا ، وە دوای ئـەوەیش زیندووبوونـەوە و دەرچـوونەدەرەوەیە لـە گۆڕەكـان ، وە وەرگرتنـەوەی نامـەی كردەوەكان و كێشانە كردنی كردووەكان ، لەو كاتەدا ئیمانداران فەزڵی خوایـان بەردەكـەوێت لـە نـاو باخەكانی خۆشگوزرانی بەهەشتدا ، وە كافر و بێباوەڕانیش سزای بە ئێش و ئازاریان بەردەكەوێت ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَأُزْلِفَتِ الْجَنَّةُ لِلْمُتَّقِينَ ۝٩٠ وَبُرِّزَتِ الْجَحِيمُ لِلْغَاوِينَ ۝٩١ ﴾ [الشعراء] .

واتە : وە بەهەشت نزیك كراوەتەوە بۆ كەسانی لەخواترس و خۆپاریز لە تاوانەكان ﴿٩٠﴾ وە دۆزەخیش دەردەخرێت و بەرز دەكرێتەوە بۆ كەسانی گومڕا و سەرلێشێواو .

وە خوای گەورە ئەوەی بۆ بەندەكانی ڕوونكردووەتەوە كە پێی لە خوا نزیك دەبنەوە و پەیوەندیان پێیەوە بە هێز دەكات ، بۆیە چەندین جۆر پەرستنی بۆ داناون لە : نوێژ و زەكات و ڕۆژوو و حەج و زیكرەكان و جگە لەوانەیش ، بۆ ئەوەی بەندە پەیوەندی بەردەوام بێت بە خواوە ، بە مەبەستی ئەوەی دەروونێكی ئاسوودە و ژیانێكی پڕ خێر و خاوێن كردنەوەی نەفس و بەختەوەی دونیا و سەركەوتن و ڕزگاربوونی دواڕۆژ بەدەست بێنێت .

*** ئەو بنەمایانەی كە خێزانی لەسەر ڕادەوەستێت لە ئیسلامدا :**

ئیسلام ئەو بنەمایانەی كە خێزانی لەسەر ڕادەوەستێت بۆ تێكڕای ئوممەتی ڕوونكردووەتەوە ، وە خێزان خانەی یەكەمە بۆ بنیاتنانی كۆمەڵگا ، وە بە یەكەوەگرێدانی نێوان ژن و مێردی ڕوونكردووەتەوە بە زەواجی شەرعی ، وە ئەو حەق و مافانەش كە بۆ هەر یەكێك لە ژن و مێرد هەیە و ئەو ئەركانەیش كە لەسەریەتی ڕوونكردووەتەوە ، وە بانگیانی كردووە بۆ پەروەردەكردنی منداڵان لەسەر پەروەردەیەكی ئیمانی ، بۆ دەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوەیەكی صالح لە خوودی خۆیدا و بەسوودیش بێت بۆ ئوممەتەكەی ، كە تاكەكانی خشتی چاك بن بۆ بنیاتنانی كۆمەڵگایەكی چاك .

وە ئاینی ئیسلام حەق و مافی باوكانی لە چاكە كردن لەگەڵیاندا ڕوونكردووەتەوە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنٗا ﴿٣٦﴾﴾ [النساء] .

واتە : بە تەنها خوا بپەرستن و هیچ شتێك مەكەن بە شەریكی و چاكە بكەن لەگەڵ هەردوو باوك و دایكدا .

هەروەها حەق و مافی منداڵانیش لە پەروەردەكردن و ڕێنمایی كردن ڕوونكردووەتەوە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا ﴿٦﴾﴾ [التحریم] .

واتە : ئەی ئەو كەسانەی كە باوەڕتان هێناوە خۆتان و خێزان و كەسوكارتان بپارێزن لە ئاگری دۆزەخ .

هەروەها حەق و مافی خزمانیشی لە گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی و دۆستایەتی و خۆشەویستی ڕوونكردووەتەوە ، بۆ ئەوەی خێزان ببێتە خێزانێكی بە هێز و یەكگرتووی دوور لە لەیەكترازان و پەرتەوازە بوون .

*** بنەماكانی پەیوەندیيە كۆمەڵایەتیەكان لە ئیسلامدا :**

ئەی موسڵمانان : هەروەها ئاینی ئیسلام بنەماكانی پەیوەندیيە كۆمەڵایەتیەكانیشی روونكردووەتەوە ، وە ئەمەیش لەسەر ئیمان و برایەتی ئیمانی بنیاتنراوە ، خوای گەورە فەرموویەتی :

﴿ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ ﴿١٠﴾ ﴾ [الحجرات] .

واتە : تەنها ئیمانداران برای یەكن .

وە بانگی ئیماندارانیشی كردووە بۆ سەرخستنی یەكتر و یەكخستنی نێوانیان ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((مَثَلُ الْمُؤْمِنِينَ فِي تَوَادِّهِمْ وَتَرَاحُمِهِمْ وَتَعَاطُفِهِمْ مَثَلُ الْجَسَدِ إِذَا اشْتَكَى مِنْهُ عُضْوٌ تَدَاعَى لَهُ سَائِرُ الْجَسَدِ بِالسَّهَرِ وَالْحُمَّى))[١] .

واتە : نموونەی ئیمانداران لە دۆستایەتی و بە بەزەیی بوون و خۆشەویستیان بۆ یەكتر وەك نموونەی لەشێك وایە ، ئەگەر ئەندامێكی ئێش و ئازاری هەبێت ئەوا هەموو ئەو لەشە لە پێناویدا بێ خەو دەبێت و تا دەیگرێت .

وە هانیشیداون بۆ ئەوەی كە هەر یەكێكیان كەرامەت و حورمەت و رێزی براكەی بپارێزێت ، وە خۆی بە دوور بگرێت لە سووكایەتی پێكردنی ، وە هەوڵی یارمەتیدانی بدات ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ ، لاَ يَظْلِمُهُ وَلاَ يُسْلِمُهُ ، وَمَنْ كَانَ فِي حَاجَةِ أَخِيهِ كَانَ اللَّهُ فِي حَاجَتِهِ ، وَمَنْ فَرَّجَ عَنْ مُسْلِمٍ كُرْبَةً فَرَّجَ اللَّهُ عَنْهُ كُرْبَةً مِنْ كُرُبَاتِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ))[٢] .

واتە : موسڵمان برای موسڵمانە ، ستەمی لێ ناكات و نایفەوتێنێت و نایدات بە دەستی دوژمنەوە ، وە هەر كەسێك كار بۆ بە جێهێنانی پێویستی برایەكی بكات ئەوا خوا كار بۆ بە جێهێنانی پێویستیی دەكات ، وە هەر كەسێك ناڕەحەتیەك لەسەر موسڵمانێك لا بەرێت و لە تەنگانەیەك دەری بكات ئەوا خوا یەكێك لە ناڕەحەتی و تەنگانەكانی رۆژی قیامەتی لەسەر لادەبات .

هەروەها بنەماكانی مامەڵە بازرگانی و ماڵیەكانیشی روونكردووەتەوە ، بەوەی كە گرێبەستە حەڵاڵ و حەرامەكانی بۆیان روونكردووەتەوە ، وە كڕین و فرۆشتنی بۆ حەڵاڵ كردوون و ریبایشی لەسەر حەرام كردوون ، وە فەرمانیشی پێكردوون بە بەوەفابوون بە گرێبەستەكان و

---

[١] رواه مسلم في صحيحه : (٤ / ١٩٩٩) ح : (٢٥٨٥) .

[٢] رواه البخاري في صحيحه : (١ / ١١٢٦) ح : (٢٤٤١) ومسلم في صحيحه (٤ / ١٩٩٦) ح : (٢٥٨٠) .

www.ba8.org

دانەوەی ئەمانەت ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ ٱلرِّبَوٰاْ لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِي يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ مِنَ ٱلۡمَسِّۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَالُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡبَيۡعُ مِثۡلُ ٱلرِّبَوٰاْۗ وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلۡبَيۡعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰاْۚ فَمَن جَآءَهُۥ مَوۡعِظَةٞ مِّن رَّبِّهِۦ فَٱنتَهَىٰ فَلَهُۥ مَا سَلَفَ وَأَمۡرُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِۖ وَمَنۡ عَادَ فَأُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ٢٧٥﴾ [البقرة] .

واتە : ئەوانەی کە ریبا دەخۆن لە ڕۆژی قیامەتدا هەڵناسنەوە ئیللا وەکو ئەو کەسە نەبێت کە شەیتان و جنۆکە تێکەڵی لەشی بووە و دەستی لێوەشاندووە ، ئەوەیش بە هۆی ئەوەوە کە وتویانە : "کڕین و فرۆشتن وەکو ریبایە" ، بەڵام خوا کڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ کردووە و ریبایشی حەرام کردووە ، جا هەرکەسێك لە پەروەردگاریەوە ئامۆژگاری بۆ هات و وازی هێنا ئەوا ئەوەی پێشووی بۆ هەیە و دەرئەنجامیشی بۆ لای خوایە ، وە هەرکەسێکیش بگەڕێتەوە سەر ئەو تاوانە ئەوا ئەوانە لە خەڵکانی ئاگری دۆزخن و بە هەتاهەتایی تێیدا دەمێننەوە .

وە فەرمانی پێکردوون بە ڕاستگۆیی لە کڕین و فرۆشتندا ، وە ڕێگری لێکردوون لە غەش کردن و شاردنەوەی عەیبە و کەموکوڕیەکان و فریودان و نەزانی بە شتەکان و هەڵخەڵەتاندن .

وە حەڵاڵ و حەرامی خواردەمەنی و خواردنەوەکانیشی بۆیان ڕوونکردووەتەوە ، بەوەی کە شتە پاکەکانی بۆ حەڵاڵ کردوون بۆ ئەوەی بخۆن و بخۆنەوە بە بێ زیادەڕەوویی و بەفیڕۆدان ، وە مردارۆبوو و گۆشتی بەراز و شتە سەرخۆشکەر و هۆشبەرەکان و هەموو ئەو شتانەیش کە هەڕەشەن بۆ تەندروستی مرۆڤ لەسەر حەرام کردوون .

وە ڕێنمایی کردوون بۆ ڕەوشتە پیرۆزەکان و داب و نەریتە باشەکان ، بۆیە فەرمانی پێکردوون بە ڕاستگۆیی و نیازپاکی و دڵسۆزی و چاکە کردن و دادوەری و چاوپۆشی لێکردن و پشوودرێژی و بەخشندەیی و سەخاوەیەتی ، وە ڕێگری لێکردوون لە ڕەوشت و خووە خراپ و زەمکراوەکان لە غەیبەت کردن و قسەهێنانوبردن و پێڕابواردن و گاڵتەپێکردن و گومانی خراپ بردن بە موسڵمانان .

وە کارە خراپ و بەدەکانی لەسەر حەرام کردوون بە بچوك و گەورەیانەوە ، هەروەها هەموو ئەوانەیش کە سەردەکێشن بۆی ، هەر بۆیە زینا و داوێن پیسی و ئەوەیش کە مرۆڤ نزیك دەکاتەوە لێی حەرام کردووە ، لە : بە تەنها مانەوەی پیاو لەگەڵ ئافرەتی بێگانە و نامەحرەمدا ، یان سەفەرکردنی ئافرەت بە بێ مەحرەم ، یان پەیوەندیەکی جنسی و ئارەزوو

وورووژێنەر کە پێچەوانەی شەرع بێت ، هەروەها دزی کردن و کوشتن و دەستدرێژی و ستەم کردن لە خەڵك لە بوارەکانی خوێنیان و ماڵ و سامانیان و شەرەف و ناموسیان لەسەر حەرام کردوون ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ ﴿٣٣﴾ ﴾ [الأعراف] .

واتە : ئەی پێغەمبەر بڵێ : بەڕاستی پەروەردگارم کارە خراپ و بەدەکانی حەرام کردووە ئەوەی کە دەرکەوتەوە و ئاشکرایە و ئەوەشی کە نادیار و شاراوەیە .

وە سزا شەرعیەکانیشی بۆ داناون بۆ ئەوانەی کە ڕێگای تاوان دەگرنەبەر و سنورەکان دەبەزێنن و بە حەرامەکانەوە تێوەئەگلێن ، بۆ ئەوەی ئەو سزایانە ڕاچەڵەکێنەر بێت بۆ ئەوانەی کە دەکەونە ناو ئەو تاوانانەوە ، وە پەندیش بێت بۆ ئەوانەی کە تێیناکەون ، هەر بۆیە تۆڵەکردنەوەی بە کوشتن داناوە لەبەرامبەر کوشتنی بە ئەنقەستی دەستدرێژکارانە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَلَكُمْ فِى ٱلْقِصَاصِ حَيَوٰةٌ يَـٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَـٰبِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٧٩﴾ ﴾ [البقرة] .

واتە : لە تۆڵەکردنەوە بە کوشتنی کەسی بکوژ ژیانتانی پێپارێزراو دەبێت ئەی ئەو کەسانەی کە خاوەن دڵ و ژیرین بۆ ئەوەی لەخوابترسن و خۆپارێزی بکەن لە تاوان .

وە سزای زینا و داوێن پیسی دیاری کردووە بە ڕەجم کردن و بەردباران کردن بۆ کەسانی خێزانهێنەر و شووکردوو ، وە بە جەڵدە و شەلاق لێدان و شاربەدەر کردن بۆ کەسانی ژن نەهاوردوو و کچانی شوونەکردوو ، وە سزای دیاری کراوی دزی کردن ، وە سزای دیاری کراوی توهمەتبار کردنی کەسانی تر بە زیناکردن ، وە سزای دیاری کراوی مەشروب و مەی خواردنەوە ، وە سزای دیاری کراوی کەسانی دەرچوو لە موسڵمانان و دەسەڵاتدارن ، وە سزای دیاری کراوی جەردە و ڕێگرد و چەتە .

وە ڕێنمایی کردووە بۆ دادوەری و بە ویژدان بوون لە وەرگرتنەوەی حەق و مافەکان ، وە دانەوەی حەق و مافەکان بۆ خاوەنەکانیان ، وە ڕێگری کردووە لە ستەم کردن لە دادوەری و بڕیاردان و قەزاوەتی کردن و لادانەوە بە لای یەکێك لە خاوەن کێشەکان لەبەر خزمایەتی یان جگە لەوە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ يَـٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلْنَـٰكَ خَلِيفَةً فِى ٱلْأَرْضِ فَٱحْكُم بَيْنَ ٱلنَّاسِ بِٱلْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ ٱلْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌۢ بِمَا نَسُوا۟ يَوْمَ ٱلْحِسَابِ ﴿٢٦﴾ ﴾ [ص] .

www.ba8.org

واتە : ئەی داود ئێمە تۆمان نیشتەجێ کردووە لە زەویدا بۆیە لە نێوان خەڵکدا دادوەری بکە و بڕیار بدە بەوەی کە حەقە و شوێنی هەوا و ئارەزوو نەکەوێت چونکە ئەوە گومڕات دەکات لە ڕێگای خوا ، بەڕاستی ئەوانەی کە لە ڕێگای خوا لادەدەن و گومڕا دەبن سزایەکی توونددیان بۆ هەیە بە هۆی ئەوەی کە ڕۆژی لێپرسینەوەیان لەبیرکردووە .

هەروەها ئاینی ئیسلام ئەوەیشی ڕوونکردووەتەوە کە بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردنی کاروباری وڵات لە نێوان موسڵماناندا بنیاتنراوە لەسەر عەقیدە و بیروباوەڕی ئیسلامەتی نەك لەسەر هاوڵاتی بوون و عەشیرەت و ڕەگەز .

هەروەها حەق و مافەکانی فەرمانڕەوا و کاربەدەستانیشی بەسەر هاوڵاتیانی ژێر دەسەڵاتیەوە ڕوونکردووەتەوە لە پێویست بوون و واجبێتی گوێڕایەڵی کردنی کاربەدەست لەوەی کە فەرمانی پێدەکات و قەدەغەی دەکات بە مەرجێك کە فەرمان بە تاوان و سەرپێچی شەرع نەکات و ڕێگری لە خێر و چاکە نەکات ، وە ئاینی ئیسلام هانی موسڵمانانی داوە بۆ کێشمانکێش نەکردنی فەرمانڕەوا و کاربەدەست و ڕووبەڕوو نەبوونەوەی ، وە ڕێنمایی کردوون بۆ وەستان لەگەڵیدا لەوەی کە توانا و دەستکەوتەکانی ئوممەتی پێدەپارێزرێت .

وە هانی فەرمانڕەوا و کاربەدەستیشی داوە بۆ دادگەری لە نێو هاوڵاتیانی ژێر دەسەڵاتیدا ، وە بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی ڕێزدارانە بۆیان ، وە هانیشی داون بۆ نەرمونیانی و بەزەیی پێداهاتنەوەیان و دادگەری لە نێوانیاندا ، وە ستەم نەکردن لێیان و ناشبێت چاوپۆشی بکات لە هەندێکیان لە بەرژەوەندی هەندێکی تریان .

وە هانیشی داون بۆ هاوکاری کردنی یەکتر و یەکخستنی نێوانیان و وریاشی کردوونەتەوە لە ناکۆکی و جیاوازی ، وە فارمانی پێکردوون بە یەکدەنگی و یەکوتەییان ، خوای گەورە فەرموویەتی :

﴿ وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا وَلَا تَفَرَّقُواْۚ ﴿١٠٣﴾ ﴾ [آل عمران].

واتە : ئێوە هەمووتان دەست بگرن بە دین و بەرنامەی خواوە ، وە پارچەپارچە و پەرتەوازە مەبن .

هەروەها فەرموویەتی : ﴿وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡۖ ﴿٤٦﴾ ﴾ [الأنفال] .

واتە : با ناکۆکی و جیاوازی نەکەوێتە نێوانتانەوە چونکە ئەمە دەبێتە هۆی شکست خواردنتان و ڕۆیشتن و نەمانی هێز و تواناتان .

هەروەها ئاینی ئیسلام فەرمانیشی کردووە بە موسڵمانان بە حوکمڕانی کردنی شەرع و گەڕانەوە بۆ پیادە و پەیڕەوکردنی لە هەموو بوارەکانی ژیانی تاکە کەسی و کۆمەڵایەتیشدا ، بۆ ئەوەی ژیانی ئوممەت ژیانێکی بڕیار لەسەردارو بێت و بەڕیوە بچێت بە پێی ئەوەی کە خوا بۆی داناون لە ئەحکام و بڕیارە شەرعیەکانی و ئەوەی کە بۆی داناون لە بنەما و ڕێکخەرە شەرعیەکان و ئەوەی کە بۆی دیاری کردوون لە مەشخەڵ و سنوورە شەرعیەکان و ئەوەی کە هانی بۆ داون لە ڕەوشت و چاکەکاریەکان .

وە ڕێنمایی کردوون بۆ بەرەوپێش بردن و هەستانەوەی ئوممەتی ئیسلام لە رووی زانستی و ئابووری و کشتوکاڵی و پیشەسازیەوە .

هەروەها ڕێنمایی کردوون بۆ گرتنەبەری هەموو هۆکارێك کە پێشکەوتن و سەرکەوتنی تێدا بەرقەرار بێت ، بە مەرجێك پێچەوانەی بنەما جێگیرەکانی ئیسلام نەبێت .

ئەمەیە شەرعی خوای گەورە ، بەرنامەیەکی تەواو و تێر و تەسەلە بۆ ژیان ، هاتووە بۆ بەختەوەرکردنی مرۆڤایەتی ، وە بۆ ڕاگرتنی هاوتایی نێوان ڕۆح و مادە ، وە بەیەکەوە گرێدانی نێوان عەقڵ و وەحیی ، وە نێوان زانست و ئاین ، وە نێوان عەقیدە و شەریعەت ، وە نێوان عیبادەت و ئابووری و ئەخلاق ، وە نێوان دونیا و دوارۆژ ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَٱبۡتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنۡيَاۖ ﴿٧٧﴾ ﴾ [القصص] .

واتە : لەوەی کە خوا پێی داویت با مەبەستت تێیدا ماڵی دوارۆژ بێت و بۆ قیامەت بەکاری بێنە و لەگەڵ ئەوەیشدا پشك و بەشی خۆتیش لە دونیا لە بیر مەکە .

www.ba8.org

* تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگای ئیسلامی :

موسڵمانان : بەڕاستی ئەم کۆمەڵگایە کە ئیسلام بنیاتیناوە لەسەر بەرنامەی خوایی چەند تایبەتمەندیەکی هەیە کە جیای دەکاتەوە لە هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی کە دینداری ناکەن بە ئاینی ئیسلام :

١ ـ لە تایبەتمەندیەکانی ئەم کۆمەڵگایە : بەرپاکردنی ئەمن و ئاسایش و ئارامی تێدایە : ئەمەیش لەبەر هەبوونی ڕاچەڵەکێنەرێکی ئیمانی لە دڵی موسڵماندا کە ڕێگری لێدەکات لە ئەنجامدانی تاوان ، چونکە ئاینی ئیسلام ڕێنمایی شوێنکەوتوانی دەکات بە حورمەتگرتنی خوێن و حورمەتگرتنی ماڵ و سامان و حورمەتگرتنی شەرەف و ناموس ، بەڵام یاسا داهێنراوەکانی دەستی مرۆڤ ئەگەر ئاسایش و ئارامیش بەرقەرار بکات لە ناو کۆمەڵگایەکدا ئەوا هەر کاتێك تاکێك لێی دەرباز بوو ئەوا تاوان ئەنجامدەدات بە بێ هەبوونی چاودێر و کەسێك کە لێپرسینەوە بکات .

٢ ـ وە لە تایبەتمەندیەکانی ئەم کۆمەڵگایە : پاراستنی حەق و مافە گشتییەکان : هەر بۆیە حەق و مافەکانی باوکان لە چاکە لەگەڵ کردندا دەپارێزێت ، هەروەها حەق و مافەکانی منداڵان لە پەروەردەکردن و ڕێنمایی کردندا ، هەروەها حەق و مافەکانی خزمان و کەسانی نزیك لە گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی و دۆستایەتی و خۆشەویستی ، هەروەها حەق و مافەکانی کەسانی گەورە تەمەن لە ڕێزلێگرتن ، هەروەها حەق و مافەکانی کەسانی تەمەن بچوك و یەتیم لە بەزەیی پێداهاتنەوە و سۆز بۆ دەربڕین ، هەروەها حەق و مافەکانی ئافرەتان لە بایەخ پێدان و ڕێزلێگرتن ، هەروەها حەق و مافەکانی دراوسێ لە مامەڵەی چاك و پاك لەگەڵدا کردندا ، هەروەها حەق و مافەکانی جگە لە موسڵمانانیش لە کەسانی خاوەن پەیمان و ئەمان و مۆڵەت پێدراو لە لایەن موسڵمانانەوە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعْدِلُوا۟ ۚ ٱعْدِلُوا۟ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ ۖ ﴿٨﴾ ﴾ [المائدة] .

واتە : با ڕق لێبوونتان لە کەسانێك واتان لێنەکات و هەڵتان نەنات لەسەر ئەوەی کە دادوەر نەبن ، بەڵکو دادوەر بن چونکە ئەوە نزیکترە لە تەقوا و لەخواترسانەوە .

٣ ـ هەروەها لە تایبەتمەندیەکانی : بەڕاستی ئەم کۆمەڵگایە دروشمەکانی ئاینی ئیسلامی تێدا دیار و ئاشکرایە : لە بانگدان و نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەج و ڕەوشتە ئیسلامییەکان ، کە موسڵمان لە ژیانیدا هەموویان بە ئاشکرا پیادە دەکات ، چونکە لە ئیسلامدا شتی شاراوە

نىیە ، نە لە عەقیدە و بیروباوەڕەکانیدا و نە لە عیبادەت و پەرستنەکانیشیدا ، بە پێچەوانەی مەزهەب و ئاینە ڕووخێنەرەکان کە بیروباوەڕەکانیان و ئەو بنەمایانەی کە لەسەری دەڕۆن دەشارنەوە و پێچەوانەی ئەوەی کە باوەڕیان پێی هەیە دەردەخەن .

٤ ـ هەروەها لە تایبەتمەندیەکانی ئەم کۆمەڵگایە : ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی بە ڕەوشتە : هەر بۆیە ئەوەی کە سووکە و ڕیسوایە وەلای دەنات و بانگەشە دەکات بۆ شەرم و حەیا و پۆشتەیی و دەست و زمان و دامێن پاکی .

٥ ـ هەروەها لە تایبەتمەندیەکانی ئەم کۆمەڵگا موسڵمانە : ئەوەیە کە کۆمەڵگایەکی هاوکارە : تاکەکانی هاوکاری یەکتر دەکەن لەسەر کردنی چاکە و نەکردنی خراپە و تاوان ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ يَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ ﴿٧١﴾ ﴾ [التوبة] .

واتە : وە پیاوانی ئیماندار و ئافرەتانی ئیماندار هەندێکیان دۆست و پشتیوانی هەندێکی تریانن ، فەرمان دەکەن بە چاکە و ڕێگری دەکەن لە خراپە .

هەروەها فەرموویەتی : ﴿وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ ﴿٣﴾﴾ [العصر] .

واتە : وە ئامۆژگاری یەکتر دەکەن بە شوێنکەوتنی حەق و ئامۆژگاری یەکتر دەکەن بە صەبر و ئارام گرتن .

٦ ـ هەروەها لە تایبەتمەندیەکانی : بریتیە لە پەیوەست کردنی نێوان هەموو تاکەکانی بە پەیوەندی ئیمان : هەر بۆیە ئاینی ئیسلام برایەتی خستووتە نێوان موسڵمانانەوە بە جیاوازی ڕەنگ و ڕەگەز و عەشیرەت ، وە بەم دینە کۆیانی کردووەتەوە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ إِخۡوَةٞ ﴿١٠﴾ ﴾ [الحجرات] .

واتە : بەڕاستی تەنها ئیمانداران برای یەکن .

٧ ـ هەروەها لە تایبەتمەندیەکانی : ئەوەیە کە ڕێزداری تێیدایە بە پێی لەخواترسان و چاکەکاری و خۆپاراستنە لە تاوانەکان ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ ﴿١٣﴾﴾ [الحجرات] .واتە : بەڕاستی ڕێزدارترینتان لای خوا لەخواترسترینتانە .

واتە : کێ لە هەموان زیاتر لە خواترستر و چاکەکارتر و خۆپارێزتر بێت لە تاوانەکان ئەوا ئەو کەسە بەڕێزترینی نێو موسڵمانانە .

٨ ـ هەروەها لە تایبەتمەندیەکانی : بریتی‌یە لە یەکگرتنی نێوان کاربەدەستان و هاوڵاتیانی ژێر دەسەڵاتیان : چونکە کاربەدەست و سەرپەرشتیار هەست بە کێشە و گرفتەکانی هاوڵاتیانی ژێر دەسەڵاتەکەی دەکات ، وە هەوڵیش دەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانیان و تیمارکردنی برینەکانیان و یارمەتیدانی موحتاج و نەدارەکانیان ، وە هاوڵاتیانیش لە بەرامبەر ئەوەدا خۆشەویستی دەردەبڕن بۆ کاربەدەست و سەرپەرشتیارەکەیان و دوعاکردن بۆی و وەستان لەگەڵیدا لە هەموو بار و حاڵەتەکاندا .

ئیسلام دەیەوێت کۆمەڵگای موسڵمان ئاوەها بێت .

٩ ـ هەروەها لە تایبەتمەندیەکانی ئەم کۆمەڵگا موسڵمانە : ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵگایە تێکڕای دامەزراوە شەرعی و زانستی و ڕۆشنبیری و ئابووری و دادوەری و ئەمنیەکانی تەواوکەری یەکترن و هەر هەموویان لە خزمەتی پاراستنی ئەم ئاینەدان و پارێزگاری لە ناسنامەی ئەم کۆمەڵگایە دەکەن و دەیپارێزن لە شل‌وخاو بوونەوە و ڕۆژئاواگەری .

١٠ ـ هەروەها لە تایبەتمەندیەکانی ئەم کۆمەڵگایە : ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی خواییە : چونکە ئاینی ئیسلام بوارە گشتی‌یەکانی ڕێك دەخات چ سیاسی و ڕامیاری بێت یاخود ئابووری ، ژیانی کۆمەڵگا ملکەچە بۆ ئەم ئاینە ، نەك بۆ هەواوئارەزوو و حەزەکانی خەڵك و ئەوەی کە ئارەزووی دەکەن و پێیان خۆشە .

١١ ـ هەروەها لە تایبەتمەندیەکانی ئەم کۆمەڵگایە : بەها مەعنەوی و ئەخلاقیەکان تێیدا لە پێشترن لە بەرژەوەندی‌یە مادیەکان : هەر بۆیە بەدیهێنانی بەرژەوەندی‌یە مادیەکان و بەدیهێنانی پێشکەوتنی زانستی لە ناو کۆمەڵگادا بەمەرج گیراوە بەوەی کە پێچەوانەی بنەما و بەها و ڕەوشتەکانی شەرع نەکات .

١٢ ـ هەروەها لە تایبەتمەندیەکانی ئەم کۆمەڵگایە : ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی ئاینی و مەدەنی‌یە لە یەك کاتدا : چونکە لە ئیسلامدا جیاکردنەوە نی‌یە لە نێوان دین و دونیا ، هەر بۆیە ئیماندار نوێژ دەکات و ڕۆژوو دەگرێت و زەکات دەدات و حەج دەکات و زیکری خوا دەکات ئەمە لە کاتێکدا کە ئەو هەر لە ناو شوێنی بازرگانیەکەیدایە ، یان لە ناو بنکەی تووێژینەوەکەیدایە ، یان لە ناو فەرمانگەیەکی حکومیدایە ، یان لە ناو دامەزراوەیەکی زانستی یان ئابووریدایە ، یان لە ناو پیشەیەکی پزیشکی یان کشتوکاڵیدایە ، یان جگە لەمانە لە بوارەکانی تری ژیان ، ئاینەکەی بانگی دەکات بۆ ئەوە و هەروەها بۆ ئەوەیش کە ئیماندارێکی صالح بێت لە هەموو کردەوەکانیدا و هەڵبسێت بە ئەنجامدانی هەموو ئەو کارانەی کە داوای لێ‌کراوە جێبەجێی بکات ، موسڵمان ئاوەهایە .

*** تەواوکاری کۆمەڵگای موسڵمانان و ئەرکەکانی تاکەکانی :**

ئەم تایبەتمەندی و جیاکەرەوەییانەی ئەم کۆمەڵگایە بەڕاستی کاتێك بە تەواوی بەدی دێت بە هەموو بەشەکانی‌یەوە ئەگەر هەموو تاکێکی ئێمە ئەرکی ئاینی و بەرپرسیاریێتی کۆمەڵایەتی و ئەمانەتی پیشەیی خۆی بەجێبێنێت ، بەوەی کە :

١ ـ باوك : ئەرکی خۆی بەجێبێنێت بەرامبەر بە منداڵەکانی لە رووی پەروەردەکردنیان و ڕێنمایی کردنیانەوە .

٢ ـ وە مامۆستایش : قوتابی‌یەکانی فێربکات و خۆشەویستی خێریان تێدا بچێنێت و زانستە بەسوودەکان و ڕێگای ڕاستیان فێربکات .

٣ ـ وە موفتی‌یەکان و پیاوانی شەرعزانیش : فەتوا بۆ خەڵك بدەن لە بوارەکانی ئاینەکەیان ، وە کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکەن ، وە وەڵامی گرفت و پێشهاتەکانیان بدەنەوە بەوەی کە گونجاوە لەگەڵ قورئان و سوننەت و بنەما گشتی‌یەکانی شەرع .

٤ ـ وە ئامۆژگاریکار و وتارخوێنی مزگەوتەکانیش : بانگەواز بکەن بۆ خێر و چاکە و لەخواترسان و خۆپاراستن لە تاوان ، وە موسڵمانان وریا بکەنەوە لە خراپە ، وە ئوممەتی ئیسلامیش ببەستنەوە بە سەرکردەکانیانەوە لە زانایان و سەرکردەکان .

٥ ـ وە کەسانی فەرمانکار بە چاکە و قەدەغەکاری خراپە و تاوان و پیاوانی چاودێر و بەرپرسی لێپرسینەوە : هەڵبسن بە ئەرکی خۆیان لە ڕێنمایی کردنی کۆمەڵگا و چاك کردنی هەڵەکان و دەستگرتنی هەڵەکار و ڕێنمایی کردنی بە حیکمەت و دانایی و ئامۆژگاری چاکە و وتەی جوان بۆ ئەوەی دوور بکەوێتەوە لە شەڕ و خراپە بە قەناعەت و زانستەوە بەوەی کە فێری بکات ئەم کارە زەرەر و زیانی تێدایە بۆی .

٦ ـ وە ڕاگەیاندکارن و ڕۆژنامەنووسانیش : هەڵبسن بە ئەرکی خۆیان لە خزمەت کردنی ئاینەکەیان و پرسەکانی ئوممەتەکەیان ، وە ئەوەیش بڵاوبکەنەوە کە خێر و چاکەی دین و دونیای خەڵکی تێدایە ، لەگەڵ وابەستەبوون بە ڕاستگۆیی و ووردکاری لە گواستنەوەی رووداو و هەواڵەکاندا .

٧ ـ وە پیاوانی خاوەن پارە و سەرمایەداریش : لە ماڵ و سامانەکانیان ببەخشن لەو بوارانەدا کە چاکێتی و سوودی ئوممەتی تێدایە ، وە پارە و ماڵەکانیان بخەنە بەر وەبەرهێنانەوە لەو بوارانەدا کە خێری ئوممەتی تێدایە بۆ ئێستا و داهاتووی .

www.ba8.org

٨ ـ وە پیاوانی ئابووریناسیش : ئەرکیان ئەوەیە کە ئوممەت لە بواری ئابووریەوە بەرەو پێش ببەن و بواری ئابووری بە دوور بگرن لە ریبا .

هەروەها پیاوانی تریش : ئەرکیان ئەوەیە کە ئوممەت بەرەو پێش ببەن لە بوارەکانی زانستی و پیشەسازی و کشتوکاڵی و پزیشکیدا .

٩ ـ وە پیاوانی سیاسەتمەداریش : هەڵبسن بە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای موسڵمانان بەو شێوازەی کە نزیکتر بن لە حەق و چاکسازیەوە ، وە لە بواری پەیوەندیەکانی دەرەوەیشدا پەیوەندیەکی دۆستانە بەرقەرار بکەن لەگەڵ ولاتی جیهاندا ، وە لەگەڵیاندا هاوکار بن لەوەدا کە بەختەوەری ئوممەتی تێدایە و شەڕ و بەلای لێدوور دەخاتەوە .

١٠ ـ وە پیاوانی ئەمن و ئاسایشیش : هەڵبسن بە ئەرکی خۆیان لە پاراستنی ئەمن و دەستگرتنی کەسانی تاوانبار و تێکدەر و یاریکەر بە ئەمن و ئاسایشی ئوممەت ، وە هەڵبسن بە پاراستنی سەر سنوورەکان .

١١ ـ وە پیاوانی دادگایش : بنەماکانی دادوەری و ویژدان بەرقەرار دەکەن بۆ گەیاندنی حەق و مافەکان بە خاوەنەکانیان .

١٢ ـ وە ئەوانەیش کە کاروباری ولات بەڕێوەدەبەن : ئەو برگە و بڕیارانە دابنێن کە گونجاوە و لەگەڵ شەرعی خوادا دەگونجێت و لەگەڵ هیچ شتێك لە ڕێنماییەکانی ئیسلامدا جیاواز و پێچەوانەوە نەبێت .

١٣ ـ وە فەرمانبەرانیش لە ناو فەرمانگە حکومیەکاندا : ئەرکە فەرمانبەری و پیشەییەکانی خۆیان بەجێبێنن بە ڕاستگۆیی و ئەمانەتەوە ، لەگەڵ دوور بوون لە مننەت کردن و وەرگرتنی ڕەشوە و بەرتیل .

١٤ ـ وە پیاوی دیبلۆماسی موسڵمانیش : هەڵبسێت بە نوێنەرایەتی کردنێکی ڕاستەقینەی ولاتەکەی ، وە پەیامێکی ڕاستگۆیانە سەبارەت بە ئاین و ئوممەتەکەی هەڵبگرێت ، وە خۆی بڕازێنێتەوە بە ئەخلاق و ڕەوشتە چاکەکان ، وە بەرگری بکات بە پرسەکانی ئاین و ئوممەتەکەی .

*** ئەو ئاستەنگانەی کە ئێستا ڕووبەڕووی جیهانی ئیسلامی بووەتەوە :**

ئەی ئوممەتی ئیسلام : ئەمڕۆ جیهانی ئیسلامی بە مەترسیدارترین قۆناغەکانی ژیانیدا تێدەپەڕێت ، وە ڕووبەڕووی بارودۆخ و چەندین ئاستەنگی ناڕەحەت و گران بووەتەوە ، وە گرفتاریشە بە دەست دابەشبوون و لێکترازانی نەوەکانی و ناکۆکی نێوانیانەوە ، هەروەها بە دەست هێرشێکی دڕندانە و دەست تێوەردانێکی ئاشکرا لە کاروبارەکانیدا لە لایەن دوژمنانیەوە .

وە موسڵمان دڵگران دەبێت بەوەی کە دەیبینێت لەم هەرکەس بۆ خۆیی و فیتنە و ئاشوبەی کە بووەتە هۆی نەمانی ئەمن و تێکچوونی بەڕێوەچوونی وڵات بە ڕێکوپێکی و هەڵخلیسکانی ژیانی ڕۆژانە و بەرژەوەندیەکانی ئوممەت ، وە ئەوەی کە بەدیهاتووە لە وێران بوونی وڵات و بە تاڵان بردنی ماڵ و سامانی گشتی و ڕشتنی خوێنی کەسانی بێتاوان ، تا ئەو ئاستەی کە خەڵك وازیان هێناوە لە ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوون و وڵاتی خۆیان و ڕایان کردووە و لێی هەڵهاتوون لە دەست ئەو فیتنە و ئاشووب و کارەساتانە .

وە ئەمەیش جێیخەوتنی هەموو موسڵمانێکی شڵژاندووە کە لە دڵیدا غیرەتی هەڵگرتبێت لەسەر ئاین و بیروباوەڕەکەی و بەزەیی بێتەوە بە ئوممەتەکەی و ئەو هەموو خوێنەی کە بە ناحەق و ناڕەوا دەڕێژرێت .

*** چەند وەستانێك بۆ دەربازبوون لە ئەو گرفت و ئاستەنگانە :**

وە ئێمە لەگەڵ ئەم ڕووداوە ئازاربەخش و غەمگینانەدا چەند وەستانێکمان هەیە کە مەشخەڵەکانی دەربازبوونی لە ئەم گرفتانە وێنا کردووە و دەبنە هۆی زاڵبوون بەسەر ئەو ئاستەنگە گەورانەدا :

١ ـ بە لای موسڵمانەوە شارەوە نییە کە نهێنی توانا و هێز و ڕاگری ئەمن و ئارامی ئوممەتی ئیسلامی بریتییە لە : دەست گرتنی بە کتێبەکەی پەروەردگاری و سوننەتی پێغەمبەرەکەیەوە (ﷺ) ، جا هەرچەندێك ئوممەتی ئیسلام دەست بگرێت بە ئاینی پەروەردگاریەوە ئەوا هەندە بە هێز و باڵادەست و جێگیر و کۆمەڵبەند دەبێت و دوژمنانی لێی دەترسن و حیسابی بۆ دەکەن ، وە هەرچەندێکیش دەستبەرداری ئاینەکەی بێت و ڕۆبچێتە ناو شەهوەت و ئارەزووەکانەوە ئەوا هەندە پێگەی بێهێز و لاواز دەبێت و نەوەکانی دابەش دەبن و لە پێش چاوی دوژمنانی سووك دەبێت و لە هەموو لایەکەوە لەسەری کۆدەبنەوە .

٢ ـ بەڕاستی ئیسلام کاولکاری و تیرۆر و تێکدانی ئەمن و ئاسایش ڕەتدەکاتەوە ، وە

www.ba8.org

خوێن ڕشتن و بە تالآن بردنی ماڵ و سامان و دەستدرێژی کردنە سەر نامووس حەرام و قەدەغە دەکات .

٣ ـ بەڕاستی ئیسلام چارەسەرە بۆ هەموو کێشە و گرفتەکانی ئوممەتی ئیسلام ، وە بەدیهاتنی کارە چاوتێبڕاوەکانی نەوەکانی تێدایە لە بەرقەرار کردنی کۆمەڵگایەك کە دادوەری سەروەری بێت و دەرفەتەکانی ژیانی ڕێزدارانەی تێدا هاوتابێت و هاوڵاتی بوونی دادوەرانەی تێدا بەدیبێت و حەق و مافەکانی هەموو تاکەکانی تێدا پارێزراو بێت .

٤ ـ بەڕاستی ئیسلام تەنها هەڵبژاردەیە بۆ تێکڕای میللەتانی ئیسلامی ، جا هەر درووشمێکی نەفامی و جاهلی یان هەر بانگەوازێك بۆ پرۆگرامێك جگە لە پرۆگرامی ئیسلام ئەوە بانگەوازێکی پووچ و باتڵ و ڕەتکراوەیە .

٥ ـ پێویستە لەسەر موسڵمانان هەر هەموویان لە خوودی خۆیاندا لەخوابترسن ، وە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانیان بدەن بە بێ دەست تێوەردانی دوژمنانیان ، وە وریا و ئاگادار بن لە فیتنەی تایفی کە برایەتی موسڵمانانەی نێوانیان لەکەدار دەکات و لێی دەبات .

٦ ـ پێویستە لەسەر زانایانی ئوممەت کەوا هەستن بە ئەرکی سەرشانی هیواپێبراویان لە ڕێنمایی کردنی خەڵك ، وە سووربن لەسەر پاراستنی کۆمەڵگای موسڵمان ، وە پێشکەش کردنی پێشبینی و پرۆگرامی واقعیانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئوممەت و دوور خستنەوەیان لە فیتنە و کارەساتەکان .

٧ ـ پێویستە لەسەر سەرکردەی میللەتانی ئیسلامی کەوا دادوەری بەرقەرار بکەن لە نێو میللەتەکانیان ، وە بەرهەڵستی فەساد و گەندەڵی بکەن ، وە بەرژەوەندیەکانی میللەتان بخەنە پێشەنگی کارە گرنگی و بایەخ پێدراوەکانیان .

٨ ـ وە پێویستیشە لەسەر هاوڵاتیان کەوا لە چواردەوری سەرکردەکانیان کۆببنەوە ، وە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانیان بدەن بە ڕێگا سەلامەت و بێئۆینەکان ، دوور لەم هەموو جەنگ و خوێن ڕێژی و وڵات وێران کردنانە .

*** یەکگرتنی نێوان کاربەدەستان و هاوڵاتیان لە (شانیشینی عەرەبستانی سعودیٚ)دا باشترین نموونەیە کە چاوی لیٚبکریٚت :**

ئەی موسڵمان : بەڕاستی ئەگەر ئێمە تێڕامێنێین لە واقعی ئەم وڵاتە کاتێك کە گرنگی و بایخ پێدانی سەرکردەکان بە کاروباری میللەت دەبینین و بەخشینی ئەوەی کە گرانبەها و بە نرخە لە پێناو ئاسوودەیی و سەلامەتیان و دوورخستنەوەیان لە فیتنە و ئاشووبەکان ، ئەنجا هەروەها ئەوەی کە دەیبینین لە یەکگرتنی هاوڵاتیان لەگەڵ کاربەدەستانیان و ئەو پەیوەندییە بەهێزەی نێوان کاربەدەستان و هاوڵاتیانی ژێر دەسەڵاتیان و ئەوەی کە ئەمە بەرهەمی هێناوە لە ئەمن و ئاسایش و بەرقەراربوون و دامەزران و جێگیربوون ئەو کاتە دەزانین کەوا ئەمە ئەو نموونە حەقەیە کە پێویستە ئەو وڵاتانەی وا گرفتارن بە دەست کێشە و شڵژانەکانەوە چاوی لیٚبکەن لەم بارودۆخە ناهەموارەدا .

* هێرشی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری :

ئەی ئوممەتی ئیسلام :

بەڕاستی لەوەی کە مایەی نیگرانێکی زۆرە ئەم هێرشی ڕاگەیاندنی و ڕۆشنبیرییە ڕێکخراوەیە کە دەیەوێت عەقیدە و ئیمان لە ناو دڵی تازەپێگەیشتوواندا لاواز بکات و ئەخلاق و ڕەوشت شل وخاو بکاتەوە و کەسایەتییان لاواز بکات .

بەڕاستی ئەم هێرشە کاریگەری خراپی خۆیی لەسەر گەنجان و تازەپێگەیشتووان بەجیٚهێشتووە ، هەر بۆیە کەسایەتی ناموسڵمانانە بووەتە جیٚی سەرسام بوون و لاسایی کردنەوە بە لای هەندێکیانەوە ، لاسایی دەکەنەوە نەك تەنها لە شتە ڕواڵەتیەکاندا بەڵکو لە هەڵسوکەوت و شل وخاو بوونەی ئەخلاقی و وەلانانی شەرم و حەیا و بڵاوبوونەوەی بەدڕەوشتنی و کاری خراپیشدا .

ئەی موسڵمان : بەڕاستی ئەم هێرشە ڕێکخراوە پێویستە ڕووبەڕوو بکرێتەوە بە ڕاگەیاندنێکی باش کە بەرهەڵستی و بەربەرەکانیٚی ئەم هێرشە بکاتەوە بە چەندین کەناڵی ئیسلامی و دەستەیەك ڕاگەیاندکار سەرپەرشتی بکات کە نێوان زانستی شەرعی و تێگەیشتن لە واقع و پیشەی ڕاگەیاندکاریش کۆبکاتەوە بۆ گەیاندنی پەیامی ئیسلام بە هەمووان .

www.ba8.org

*** جیهانگیری و ناسنامەی ئیسلامەتی :**

موسڵمانان : بەڕاستی ئێمە لە سەردەمی جیهانگیریدا دەژین کە تێیدا لایەنی بەهێز کلتووری خۆی دەسەپێنێت بەسەر لایەنی لاوازدا و هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی دەدات .

بۆیە پێویستە لەسەر موسڵمانان کە پارێزگاری بکەن لەسەر ناسنامەی موسڵمانانەی خۆیان ، وە دامەزراوبن لەسەر شتە جێگیر و یەکلابووەکانیان لە عەقیدە و شەریعەت و ئەخلاق و ڕەوشت ، لەوەی کە قورئان و فەرمووده بەڵگەن لەسەری ، هەموویان یەکسانن چ ئەوەی کە پەیوەندی هەبێت بە لایەنەکانی عەقیدە و بیروباوەڕەوە یان عیبادەت و پەرستنەوە یان حوکمڕانی شەریعەتەوە یان حەڵاڵ و حەرامەوە یان پرۆگرامی خێزان و بواری ئافرەتانەوە یان ڕەوشت و بەهاکانەوە ، پێویستە پارێزگاری لەسەر هەموویان بکەین پارێزگاریەکی گەورە ، وە تەنازول نەکەین و دەستبەردار نەبین لە هیچ شتێکیان لەژێر هەر بارودۆخێك بێت لە بارودۆخەکان .

وە لەپێناو بەدیهاتنی ئەوەدا پێویستە پەیماننامەیەك لای موسڵمانان هەبێت کە تێیدا ڕێك بکەون لەسەر ئەو بنەمایانە کە جێی باوەڕیانە ، بۆ ئەوەی ببێتە زەمینەیەکی لەبار بۆ مامەڵە کردنی گونجاو لەگەڵ ئوممەتان و ڕێکخراو و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان ، بۆ هاوکاری کردن لەسەر خاڵە هاوبەشە بەسوودەکان ، وە تێبینی هەبوون و خۆپاراستن لە ئەو خاڵانەی کە پێچەوانەی کارە جێگیر و بەهاکانی ئیسلامە .

*** سەلەفییەت و مەشخەڵەکانی :**

ئەی موسڵمان :

بەڕاستی تێگەیشتنی ڕاست و دروست بۆ ئیسلام بە شێوازە پڕشنگدار و گشتگیرەکەی بریتییە لە سەلەفییەتی حەق کەوا صەحابەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و شوێنکەوتوانیان بە چاکە لەسەری بوون ، وە شوێنکەوتوانیان لە چوار پێشەواکە و ئەوانەی دوای ئەوان لەسەری ڕۆیشتن .

وە ئەم سەلەفییەتە لە ئیسلامدا چەند مەشخەڵێکی هەیە :

١ ـ لە مەشخەڵەکانی : بەڕاستی سەلەفییەت ئەو ڕاستە ڕێباز و ڕێگا ڕاستەیە کە فەرمانمان پێکراوە بە شوێنکەوتنی ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ ۖ ﴿١٥٣﴾﴾ [الأنعام] .

واتە : ئەمە ڕێگای ڕاستی منە و بیگرنە بەر و شوێنی بکەون .

٢ ـ هەروەها لە مەشخەڵەکانی : بەڕاستی قورئان و سوننەت سەرچاوەی شەریعەتدانان و

زانست و زانیاریيە ، وە بەڕاستی سەلەفییەت رووشاندنی قودسییەت و پیرۆزی قورئان و سوننەت یان لێکدانەوەی هەڵە و گۆڕینی واتاکانی بۆ ئەوەی کە لەگەڵ عەقڵی مرۆڤەکاندا بگونجێت ڕەتدەکاتەوە .

٣ ـ هەروەها لە مەشخەڵەکانی سەلەفییەتی صالح : ئەوەیە کە بەڕاستی سەلەفییەت وا نابینێت هیچ کەسێك لە مرۆڤەکان پارێزراوە لە هەڵەکردن لە پاش پێغەمبەری خوا (ﷺ) جا ئەو کەسە گەیشتبێتە هەر پلەیەك لە دونیانەویستی و لەخواترسان و خۆپاراستن لەو شتانەی مەترسی زیان هەبوونیان لێ‌دەکرێت لە ڕۆژی قیامەتدا ، چونکە پارێزراوبوون لە هەڵەکردن تەنها تایبەتە بە (موحەممەدەوە ﷺ) .

٤ ـ هەروەها لە مەشخەڵەکانی سەلەفییەت : بەڕاستی سەلەفییەت وا دەبینێت کە تەوحید و یەکخواپەرستی گرنگترینی شتەکانە ، هەر بۆیە دەست پێ‌کردن لە تەوحید و یەکخواپەرستیەوە لە پێویستترینی کارە پێویستەکانە ، چونکە لەپێناو ئەمەدا خوای گەورە بوونەوەری دروست کردووە ، وە لەپێناو ئەمەدا کتێبەکانی دابەزاندووە ، وە لەپێناو ئەمەدا پێغەمبەرانی ناردووە ، هەر بۆیە بە لای سەلەفییەتەوە شتی پڕوپووچ و خورافیات و ئەفسانە و وابەستەبوون بە مەرقەد و جنۆکە و شەیتانەکان و جادووبازەکانەوە بوونیان نییە .

٥ ـ هەروەها لە مەشخەڵەکانی سەلەفییەتی صالح : بریتی‌یە لە پشت بەستن بە تێگەشتنی صەحابە بۆ دەقەکانی قورئان و سوننەت ، ئەمەیش لەبەر قووڵی زانستیان و وەرگرتنی ڕاستەوخۆیان لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) لەگەڵ سەلامەتی و پاکێتی فیترەت و پێکهاتە و ناخیان و ڕاستێتی زمانیان .

٦ ـ هەروەها لە مەشخەڵەکانی سەلەفییەت : بریتی‌یە لە تێگەیشتنێکی گشتگیر و هەمەلایەن بۆ ئیسلام ، وە ئیسلام پرۆگرامێکی تەواو و تێروتەسەلە لە هەموو بوارەکانی بیروباوەڕ و پەرستن و شەرعدانان و بەهاکان و ئەخلاق و پرۆگرامە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان ، چونکە لە ئیسلامدا لێکترازان نی‌یە لە نێوان ئەم بەش و بوارانەدا ، بەڵکو هەندێکیان پەیوەستن بە هەندێکی تریانەوە .

*** سەلەفییەت جموجوڵێکە نوێ دەبێتەوە و لەگەڵ پێشکەوتن و بابەتە نوێیەکانی سەردەمدا دەڕوات :**

لەبەر ئەمە هەر کەسێك بۆچوونی وابێت و وادەربڕێت کەوا سەلەفییەت خاوەنی دید و تێڕوانێکی روون نییە بۆ ژیان ، وە خاوەنی مەنهەج و پرۆگرامێك نییە بۆ چاکسازی کۆمەڵگا ، وە خاوەنی بەرنامەیەك نییە بۆ پێکهێنان و بەرقەرار کردنی دەوڵەت و کۆمەڵگایەك ئەوا ئەو کەسە لەم بۆچوونەیدا هەڵەی کردووە .

وە باشترین بەڵگەیش لەسەر ئەمە ئەوەیە کە (شا عبدالعزیز خوا لێی خۆشبێت) پێی هەستا لە پێکهێنان و بەرقەرار کردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی بەهێز لەسەر بنەمای کتێبەکەی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) .. کە ئەمەیش درێژ بوونەوەی ئەو بانگەوازە سەلەفییەتە صاڵحەیە کە هەردوو پێشەوا (محمد)ی کوڕی (عبدالوهاب) و (محمد)ی کوڕی (سعود) ڕەحمەتی خوایان لێبێت پێی هەستان .

ئەم دەوڵەتەی دامەزراند و بنەماکانی جێگیر کرد لەسەر بنچینەکانی قورئان و سوننەت ، وە لەسەر بنەمای پرشنگدار ، وە لەسەر مەنهەج و پرۆگرامێکی سەلەفیانەی صاڵحانە ، کە بەروبوومەکەی تێیدا بریتییە لە ئەمن و ئاسایش و بەرقەرار بوون و دامەزران و ئارامی ، لەگەڵ وەرگرتنی بابەتە نوێ و پێشکەوتنەکانی سەردەم لە هەموو بوارەکاندا ، تا ئەو ئاستەی کە بووەتە دەوڵەتێك کە بەسەر پەنجەکان ئاماژەی بۆ دەکرێت لە بواری پێشکەوتنی و سەرکەوتنی و شارستانی بوونی لەگەڵ دەستگرتنی بە عەقیدە و بیروباوەڕی سەلەفییەتی صاڵحەوە .

*** چەند چەمك و تێگەیشتنێك كە پێویستە ڕاست بكرێنەوە :**

موسڵمانان : هەندێك بانگەواز هەیە لە ناو هەندێك لە وڵاتانی ئیسلامیدا بانگەشە دەكەن بۆ ئازادی و دادوەری و یەكسانی لە ژێر دروشمی دیموكراسیەتدا !

ئێمەیش بە ئەوانە دەڵێین : بەڕاستی ئیسلام پێش ئەو بنەمایانە كەوتووە بە زیاتر لە چواردە سەدە لە زەمەن ، وە لەسەر زەوی واقعیشدا پەیوەڕەوی كردوون لە ژیانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و جێنیشینە ژیرومۆشمەندەكانیشیدا ، بەڵام تێگەیشتن و واتای ئەو چەمكانە لە ئیسلامدا بەو تێگەیشتن و واتایانە نییە كە لە پرۆگرامە دەستكردەكانی مرۆڤەكاندایە .

ئازادی لە ئیسلامدا : بریتییە لە ئازادكردنی بەندە لە بەندایەتی كردن و پەرستنی مرۆڤەكان و لە پەرستنی مەرقەد و گۆڕەكان و لە بەندایەتی هەواوئارەزوو و شەهوەتەكان بۆ ئەوەی ببێتە عەبد و بەندەیەكی صالح بۆ خوای پەروەردگار .

ئیسلام دان بە هیچ ئاینێكی تردا نانێت جگە لە ئاینی ئیسلام ، وە یەكسانی ناكات لە نێوان حەق و باتڵ ، وە لە نێوان چاكسازی و گەندەڵی ، وە لە نێوان چاكە و خراپە ، وە ئەوەی كە ناقوڵا و زۆر خراپە و دەركەوتنی لەش و عەورەتی ئافرەتان و خۆڕازاندنەوەیان و رووتی و بەرەڵایی حەرام و قەدەغە دەكات .

وە ئیسلام بانگەواز دەكات بۆ دادوەری و خوای گەورە لە قورئاندا فەرمانی پێ كردووە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ ﴿٩٠﴾﴾ [النحل] .

واتە : بەڕاستی خوا فەرمان دەكات بە دادپەروەری و چاكەكاری .

وە **چەمكی دادوەری لە ئیسلامدا** واتایەكی فراوانی هەیە ، چونكە دادوەری لە مامەڵەكردنی بەندە لەگەڵ پەروەردگاریدا هەیە ، وە لە مامەڵەكردنی لەگەڵ خوودی خۆیدا ، وە لە مامەڵەكردنیشی لەگەڵ كۆمەڵگاكەیدا .

وە دادوەری لە ئیسلامدا بەدی نایەت ئیللا بە پەیڕەوكردنی شەرعی خوا نەبێت و بە پەیڕەوكردنی سنوورەكانی نەبێت لە هەموو بوارەكانی ژیاندا .

وە سەبارەت بە **یەكسانیش :** ئەوا بەڕاستی ئیسلام یەكسانی كردووە لە نێوان هەموو مرۆڤەكاندا ، خوای گەورە فەرموویەتی :

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ ﴿١٣﴾﴾ [الحجرات] .

واتە : ئەی خەڵكینە بەڕاستی ئێمە ئێوەمان لە نێرینە و مێینەیەك دروست كردووە .

www.ba8.org

وە پێغەمبەریش (ﷺ) فەرموویەتی : ((النَّاسُ كُلُّهُمْ بَنُو آدَمَ ، وَآدَمُ خُلِقَ مِنْ تُرَابٍ))[(١)].

واتە : خەڵكی هەموویان نەوەی ئادەمن ، وە ئادەمیش لە خۆڵ دروستكراوە .

ئیسلام یەكسانی كردووە لە نێوان نێرینە و مێینەدا لە ڕێز و حورەمەتی مرۆڤایەتی بووندا ، وە لە چێژبینین لە ژیانی ڕێزدارانەدا ، وە لە ئەركە شەرعیەكاندا ، وە لە سزاكانی دوارۆژیشدا ، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئیسلام وا دەبینێت كە هەر یەكێك لە پیاو و ئافرەت تایبەتمەندی خۆیی هەیە لە هەندێك لە ئەحكامەكاندا بەوەی كە لەبارە و دەگونجێت لەگەڵ پێكهاتەی دروست كردنی جەستەیی و لایەنی كۆمەڵایەتی و دەروونی هەر یەكێكیان .

وە ئیسلام حەق و مافی ئافرەتانی داوە و ئەو پلە و پێگەیەی پێداون كە شیاوە و لەبارە بۆیان ، وە پاراستوونی لە هەموو ئەو شتانەی كە خراپەی تێدایە بۆیان .

موسڵمانان : ئەمە دین و ئاینەكەتانە شانازی پێوە بكەن و سەروەری پێوە بخوازن و متمانەتان پێی هەبێت و دەستی پێوە بگرن ، وە بیشزانن كەوا خێر و خۆشی دونیا و دوارۆژی كۆكردووتەوە بۆتان ، وە ئیسلام ئەوەی تێدایە بۆتان كە بێ‌پێویستتان بكات لە جگە لە خۆی لە پرۆگرامە دەستكردەكانی مرۆڤ .

---

(١) صحيح سنن الترمذي ح : (٣٩٥٥) وصحيح الـجامع الصغير ح : (٤٥٦٨) .

*** بانگەوازێك بۆ تێكڕای موسڵمانان :**

موسڵمانان :

ئەی ئەوانەی کە خوای گەورە کۆی کردوونەتەوە لەسەر برایەتی ئیسلام و پەیوەندی ئیمان : لە خوودی خۆتاندا لە خوابترسن و وریابن لە پلانەکانی ئەو دوژمنانەتان کە خۆیان خلیسکاندووەتە نێواتانەوە ، ئەوانەی کە دەیانەوێت برایەتیتان بروشێنن و پلیتەی دوژمنایەتی لە نێوان ئێوە و سەرکردەکانتاندا گڕتێبەربدەن .

بۆیە لە خوودی خۆتاندا لە خوابترسن و ڕێز و حورمەت لە خوێن و ماڵ و ناموسەکان بگرن ، وە بەرژەوەندیيە بەرزەکانی ئوممەت بخەنە سەرووی هەموو پێوەرێکەوە ، وە لە پێناو ئەوەدا هەموو جیاوازییەك لە بیر و بۆچووندا تێپەڕێنن .

وە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانتان بدەن بە ژیری و حیکمەت و داناییەوە ، نەك بە خوێن ڕشتن و کاولکردنی ماڵی گشتی .

*** بانگەوازێك بۆ سەرکردەکانی موسڵمانان :**

ئەی سەرکردەکان :

لە خوابترسن لە ئاست میللەتەکانتان ، وە چارەسەری کێشە و پرسە کۆمەڵایەتیەکانیان بکەن لە هەژاری و نەزانی و بێکاری و بێبەشبوون ، وە وریابن لەوەی کە بیانتۆقێنن و ئەو چەکانەی کە لەخۆتانتان گرتووە بۆ دوژمنانتان ڕوویان بکەنە ڕووی میللەتەکانتان ، وە وریابن لەوەی کە هەڵسوکەوتی کوشتار کردن و بێبەش کردن و برسی کردن بەکاربێنن لە پێناو بێدەنگ کردنیان ، ئەمە کارێکی باتڵ و ناڕەوایە و خوای گەورە پێی ڕازی نابێت .

*** بانگەوازێك بۆ خاوەنی کەناڵە ئاسمانیيەکان :**

ئەی خاوەنی کەناڵە ئاسمانیيەکان :

لە خوودی خۆتاندا لە خوابترسن و بشزانن کە بەرپرسیارێتی ئێوە لە ئاست ئاینەکەتان و لە ئاست کۆمەڵگاکەتان بەرپرسیارێتیەکی گەورەیە ، بۆیە سووربن لەسەر ئەوەی کە کەناڵەکانتان وتەی ئوممەت یەکخات و کۆی بکاتەوە ، وە وریایان بکاتەوە لە کەوتنە ناو جیاوازی و ناکۆکیەوە ، وە وریابن لەوەی کە بەکاری بێنن بۆ پەرتەوازە کردنی ئوممەت و بانگەواز کردن بۆ هەرکەس بۆخۆیی و خوێن ڕشتن و کاولکردنی ماڵی گشتی .

www.ba8.org

*** بانگەوازێك بۆ كەسانی دروستكاری بڕیار لە ناو ڕێكخراوە نێودەوڵەتیەكاندا :**

ئـەی كەسـانی دروسـتكاری بڕیـار لـە نـاو ڕێكخـراوە نێودەوڵەتیـەكان و دانیـشتگا نەتەوەییەكان :

بە لاتانەوە شاراوە نیە كە موسـڵمانان چ تایبەتمەندیـەكیان هەیـە لـە پەیوەسـتبوونیان بـە ئەحكامەكانی ئاینەكەیان و بنەما جێگیرەكانی شـەریعەتەكەیانەوە ، بۆیـە پێویـستە لەسـەرتان ئەمە لەبەرچاوتان بگرن لە كاتێكدا كە یاسایەك دادەهێنن و دایدەڕێژن كـە پێـچەوانەی شـەرعی خوایە ، بەوەی كە ئوممەتی ئیسلام ناچار نەكـەن بـە پەیوەسـت بـوون پێـیەوە ، وە فـشاری نەخرێتەسەر لەپێناو قەبوڵ كردنیان بۆ ئەوەی كە پێچەوانەی ئاین و بیروباوەڕەكەیانە .

وە ئەمەیش چەند سوودێكی تێدا بەدی دێت :

یەكـەم : ڕێزگـرتن لـە ویستی میللـەتانی ئیـسلامی لـە پەیوەسـت بوونیـان بـە ئەحكامـەكانی ئاینەكەیانەوە .

دووەم : ئـەوەی كـە ئـەم ڕێكخراوانـە متمانـەی موسـڵمانان بـە دەست بخـەن بـۆ خۆیـان ، وە تێڕوانینێكی ئیجابیـان هـەبێت لـە ئاسـتیاندا ، وە هاوكاریـان لەگەڵدا بكـەن لـەوەی كـە خزمـەتی ئوممەتی ئیسلام دەكات ، لەگەڵ تێبینی هـەبوون و خۆپاراسـتن لـە ئـەو خاڵانـەی كـە پێـچەوانەی شەرعی خوایە .

*** بانگەوازێك بۆ حاجییانی ماڵی خوای حورمەت لـێنراو :**

حاجییانی ماڵی خوای حورمەت لـێنراو :

شوكر و سوپاسی خوا بكەن لەسـەر نیعمـەتی ئـەوەی كـە گەیانـدوونی بـە ئـەم وڵاتـە پـیرۆزە و ئێوەیش هاتوونەتە ناوی و بینوتانە كە ئـەمن و ئەمانـە ، بۆیـە سوپاسـی خـوا بكـەن لەسـەر ئـەم نیعمەتە .

وە سووربن ـ خوا بەرەكـەتی بڕێـژێت بەسـەرتاندا ـ سووربن لەسـەر ئـەوەی كـە ئـەم دروشمـە بەڕاسـتی و نیازپاكیـەوە ئـەنجام بـدەن و شـوێنكەوتەی كتێبەكـەی پـەروەردگارتان و ڕێبـازی پێغەمبەرەكەتان (ﷺ) بن .

حاجییانی ماڵی خوای حورمەت لـێنراو :

بە چاوی بەرچاوڕۆشنیەوە سەیری ئەوە بكەن كە خوا مننەتی كـردووە بەسـەر ئـەم وڵاتـەدا لـە ئەم ئەمن و ئەم بەرقەراربوون و پەیوەندیـەی نێوان كاربەدەسـتان و هاوڵاتیـان ، پاشـان سـەیری ئەوە بكەن كـە پێـشكەشتان كـراوە لـە ئاسـانكاری و ئـەوەی كـە ئەنجامـدراوە لـە فـراوان كردنـی

هەردوو حەرەمی مەککە و مەدینە و شوێنەکانی ئەنجامدانی کارەکانی حەج و عومرە و ئەو هەموو خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرانەی کە پێشکەشتان کراوە ، هەموو ئەمانە بە فەزڵی خوا بووە پاشان بە گرنگی و بایەخ پێدانی سەرکردەکانی ئەم وڵاتە بووە خوای گەورە موفەقیان بکات بۆ ئەوەی کە خۆشی دەوێت و پێی ڕازیە .

حاجییانی ماڵی خوای حورمەت لێنراو :

بزانن کەوا کەسانێك لە دوژمنانی ئوممەتی ئیسلام خۆیان خزاندووەتە نێوان ڕیزیەکانتانەوە ، وە شەڕ و بەڵایان دەوێت بۆ ئەم وڵاتە و دەیانەوێت هەستن بە کرداری ئاژاوەگێڕی و تێکدان ، بۆیە ببن بە چاوێکی بەئاگا و نەخەتوو ، وە ببن بە یەك دەست و بەربەستێکی تۆکمە و ڕێگر لە بەرامبەر ئەو تێکدەرانە .

موسڵمانان : بەڕاستی حەج لە ئیسلامدا دانەنراوە بۆ دەربڕینی قسەی پڕوپووچ و یەکلاکردنەوەی حیسابات و بەرز کردنەوەی دروشمەکانی نەفامی و بەدیهێنانی بەرژەوەندیی‌یە شەخسیی‌یەکان و مەبەستە سیاسیی‌یەکان و بانگەشە ڕقلێبووەکان ! بەڵکو لە ئیسلامدا حەج دانراوە بۆ پەرستنی خوای گەورە و خۆنزیك کردنەوە لێی ، وە بۆ کۆکردنەوەی وتەی موسڵمانان و یەکخستنەوەی دڵەکان و یەکڕیزی ئوممەتی ئیسلام ، بۆیە وریابن لە پلانی دوژمنان .

کەواتە حەج نەهاتووە بۆ ئەوەی ببێتە مینبەری سیاسی و مینبەری دەربڕینی قسەی پڕوپووچ ، هەموو ئەمانە لەو کارانەیە کە ئیسلام ڕێگری لێدەکات ، بۆیە لە خوودی خۆتاندا لە خوابترسن .

بەندەکانی خوا : شوکر و سوپاسی خوا بکەن لەسەر ئەم نیعمەتە ، وە دوعا بکەن بۆ کاربەدەستانی ئەم وڵاتە بەوەی کە خوا موەفەقیان بکات و بیانخاتە سەر ڕاستی ، ئەوان چەند لە چاکەیان بەخشیوە و چەند هەوڵیان بەگڕخستووە و ڕێگاوبانیان ئاسایش و ئارام کردووە و هەموو خزمەتگوزاریەکانیان ئامادە کردووە لەپێناو ئاسوودەیی حاجیەکاندا .

www.ba8.org

*** فەزڵی ڕۆژی عەرەفە :**

حاجییانی ماڵی خوای حورمەت لـێنراو :

ئەمڕۆ ئێوە لە ڕۆژێکدان لە باشترین ڕۆژەکان کە ڕۆژی عەرەفەیە ، ئەو ڕۆژە گەورەیەیـە کـە خوای پەروەردگار تێیدا دینی کامڵ کردووە و نیعمەتی ئیسلامی تێدا تەواو کردووە و ڕازی بووە کە ئیسلام دین و ئاینمـان بێت ، خـوای گـەورە فەرموویـەتی : ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ ٣﴾ [الـــمائدة] .

واتە : ئەمڕۆ من دینەکەتانم بۆ کامڵ کرد و نیعمەتی خۆمم بە تەواوی دابەسەرتانا و بە ئیسلامیش ڕازی بووم ببێت بە دین و ئاینتان .

وە باشترین دوعا دوعای ڕۆژی عەرەفەیە هـەروەکو پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی : ((خَيْـرُ الدُّعَاءِ دُعَاءُ يَوْمِ عَرَفَةَ ، وَخَيْرُ مَا قُلْتُ أَنَا وَالنَّبِيُّونَ مِنْ قَبْلِي : لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ ، لَـهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ))[(١)] .

واتە : باشترین دوعا دوعای ڕۆژی عەرەفەیە ، وە باشترین وتیەك کە من و پێغەمبەرانی پێش من وتبێتمان بریتیـیە لـە وتـەی : (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ ، وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) .

واتە : هیچ پەرستراوێك نـیە شایستەی پەرستن بێت جگە لە خوا ، تەنهایە و بـێ شـەریکە ، موڵك و ستایش تەنها بۆ ئەوە ، وە ئەویش بەسەر هەموو شتێکدا بە توانایە .

ئەمە ئەو ڕۆژەیە کـە : ((مَا رُئِيَ الشَّيْطَانُ يَوْمًا هُوَ فِيهِ أَصْغَرُ وَلاَ أَدْحَرُ وَلاَ أَحْقَرُ وَلاَ أَغْيَظُ مِنْهُ فِي يَوْمِ عَرَفَةَ))[(٢)] .

واتە : "هیچ ڕۆژێك نـیە شەیتانی تێدا بینرابێت بچوکتر و لووت شکاوتر و سـووك و ریسواتر و پۆختر و داخ لەدڵتر بێت وەك لە ڕۆژی عەرەفە" .

هەر بۆیە ئەم ڕۆژە پیرۆزە وەك دەستکەوت بە دەست بخەن و خۆتان بدەنەبـەر ڕەحمـەت و میهرەبانی و بەخششی پەروەردگارتان ، وە نیازتان پاك بکەنـەوە بـۆ خـوا بـە کردەوەکانتـان ، وە داوای چاوپۆشی و لێبوردنی لـێبکەن لەو تاوان و کەموکورییانەی کە ڕابووردووە ، وە داوای فەزڵ و بەخششی خۆیی لـێبکەن ، چونکە بەڕاستی خوا بەخشندە و دەسـتکراوە و لـێبووردە

---

(١) رواه الترمذي في سننه : (٥ / ٤٦٤) ح : (٣٥٨٥) .

(٢) رواه مالك في "الـــموطأ" : (٣ / ٦٢١) ، والبيهقي في "شعب الإيـــمان" : (٣ / ٤٦١) ح : (٤٠٦٩) .

و لێ‌خۆشبوو و بە بەزەیی‌یە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :

((مَا مِنْ يَوْمٍ أَكْثَرَ مِنْ أَنْ يُعْتِقَ اللَّهُ فِيهِ عَبْدًا مِنَ النَّارِ مِنْ يَوْمِ عَرَفَةَ ، وَإِنَّهُ لَيَدْنُو ثُمَّ يُبَاهِي بِهِمُ الْمَلاَئِكَةَ فَيَقُولُ : مَا أَرَادَ هَؤُلاَءِ ؟))[١].

واتە : هیچ ڕۆژێك نی‌یە كە خوای گەورە تێیدا بەندە ئازادبكات لە ئاگر وەكو ڕۆژی عەرەفە ، وە خوای گەورە نزیك دەبێتەوە و ئەنجا شانازی دەكات بە ئامادەبووانی عەرەفەوە بەسەر فەریشتەكانەوە و دەفەرموێت : ئەوانە چیان دەوێت ؟

ئەمە ڕۆژێكە خوای گەورە تێیدا دادەبەزێت بۆ ئاسمانی دونیا و شانازی دەكات بە ئامادەبووانی عەرەفەوە بەسەر فەریشتەكانەوە و دەفەرموێت : ((انْظُرُوا إِلَى عِبَادِي أَتَوْنِي شُعْثاً غُبْراً ضَاحِينَ مِنْ كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ ، أُشْهِدُكُمْ أَنِّي قَدْ غَفَرْتُ لَهُمُ))[٢].

واتە : سەیری عەبدەكانم بكەن بە سەر و سیما شپرز و خۆڵ و تۆزاوی و لە پێش خۆر و بێ‌سێبەر لە هەموو ڕێگاوبانێكی دوورەوە هاتوون ، ئێوە دەكەم بە شایەت كەوا من لێیان خۆشبووم .

ئەمە ڕۆژێكی گەورەیە تێیدا بوەستن ـ خوا بەرەكەتی بڕێژێت بەسەرتاندا ـ تاوەكو خۆرئاوادەبێت ، وە هەموو سنووری عەرەفە شوێنی وەستانە ، وە وورد ببنەوە لە سنوور و نیشانەكانی ، وە لە ئەم ڕۆژەدا نیازپاك بن بۆ خوا و ملكەچی خۆتان دەربڕن لەبەر دەستیدا ، ئومێدەواری ڕەحمەتی بن ، لە تۆڵە و سزای بترسن ، خۆتان لە خوا نزیك بكەنەوە بە زیكر كردنی و لێ‌پاڕانەوەی و ملكەچی دەربڕن لەبەر دەستیدا ، چونكە بەڕاستی خوا نزیكە و وەڵامدەرەوەیە .

---

[١] رواه مسلم في صحيحه : (٢ / ٩٨٢) ح : (١٣٤٨) .

[٢] رواه ابن خزيمة في صحيحه : (٤ / ٢٦٣) ح : (٢٨٤) .

قوله : "شُعْثًا" : أي : غير مرجلين لشعورهم ، "غُبْرًا" : أي : أصابهم الغُبار من جهد السفر وأداء المناسك ، "ضَاحِينَ" : أي : بارزين للشمس لا يظلهم شيء ، "مِنْ كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ" أي : من كل طريق بعيد .

www.ba8.org

*** کردەوەکانی حەج لە ڕۆژی عەرەفە و ڕۆژەکانی دوای ئەوە :**

لە عەرەفەدا بوەستن تاوەکو خۆرئاوابوون ، وە لە عەرەفەدا هەردوو نوێژی نیوەڕۆ و عەسر بکەن بە کۆکردنەوە و کورت کردنەوە "جەمع و قەصر" ـ هەروەکو چۆن إن شـــاء الله ئـەنجامی دەدەین ـ ، ئەنجا لە پاش خۆرئاوابوون عەرەفە بە جێبێڵن و بڕۆن بەڵام لە پێش خۆر ئـاوابوون نەڕۆن .

بڕۆن بۆ موزدەلیفە ، وە هەر کاتێك گەیشتنە ئـەوێ لـەوێ هـەردوو نوێـژی مـەغریب و عیـشا بکەن بە کۆکردنەوە و کورت کردنەوە "جـەمع و قەصـر" ، وە شـەو لـەوێ بخـەون و بمێننـەوە تاوەکو نوێژی بەیانی ، وە کەسانی لاواز و کەم توانا دەتوانن لە دوای نیوەی شەو لەوێ بڕۆن ، وە بۆ ئەو کەسانەی کە توانایان هەیە باشتر وایە کە لەوێ بمێننەوە تاوەکو نوێژی بـەیانی تێـدا دەکەن و پاشان بڕۆن .

پاشان لە موزدەلیفەوە بگەڕێنـەوە بـۆ مینـا و لـەوێ بـەرد بهاوێژنـە نـاو (حـەوزی عەقەبـە / حەوزە گەورەکە) ، پاشان سەرتان بتاشن یـان کـورتی بکەنـەوە ، وە لـە دوای ئەمـەوە هـەموو شتێکتان بۆ حەڵاڵ دەبێت جگـە لـە ئـافرەت ، پاشـان تـەواف بکـەن بـە دەوری مـاڵی خـوادا و سەعی نێوان صەفا و مەرەوە بکەن ، وە لە دوای ئەمەوە هەموو شتێکتان بۆ حەڵاڵ دەبێت کە حەرام کرابوو لەسەرتان تەنانەت ئافرەتیش .

پاشان لە هەر سێ ڕۆژەکەدا لە پاش لادانی خۆر لە ناوەڕاسـتی ئاسمـان بـەردەکان بهاوێژنـە ناو هەر سێ حەوزەکە ، لە هەردوو ڕۆژی دووشەمە و سێشەمە[1] بۆ کەسێك کە بیـەوێت پەلـە بکات ، وە ڕۆژی چوارشەمەیش بۆ کەسێك کە دوابکەوێت .

پاشان ماڵئاوایی بکەن لە ماڵی خوا و بە سەلامەتی و ئارامیەوە بگەڕێنەوە .

---

[1] ئەمە لە ساڵی (١٤٣٢) کۆچیدا ، چونکە لەم ساڵەدا ڕۆژی یانزەیەمی مانگی حاجییان ڕۆژی دووشەمە بوو ، وە ڕۆژی دوانزەیەم سێشەمە بوو ، وە ڕۆژی سیانزەیەم چوارشەمە بوو .

*** ئامۆژگاری و وەبیرهێنانەوەیەك :**

بەڕاستی مردن کۆتایی هەموو زیندوویەکە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ ﴿٢٦﴾ وَيَبْقَىٰ وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ ﴿٢٧﴾ ﴾ [الرحمن] .

واتە : هەموو کەسێك کۆتایی پێدێت ﴿٢٦﴾ وە ڕوومەتی گەورە و ڕێزداری پەروەدگارت دەمێنێتەوە .

هەروەها فەرموویەتی : ﴿ كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ ۗ وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ۖ ﴿١٨٥﴾ ﴾ [آل عمران] .

واتە : هەموو کەسێك مردن دەچێژێت ، وە بەڕاستی ئێوە لە ڕۆژی قیامەتدا پاداشتی خۆتان وەردەگرنەوە .

بە مردنی مرۆڤ کردەوەکانی دەبڕێتەوە و ئەنجا لێپرسینەوە و پاداشت بەدیدێت .

برای موسڵمانم : ساتەوەختی سەرەمەرگ و جیابوونەوەت لە ئەم دونیایە وەبیری خۆت بهێنەوە ، خوای گەورە فەرموویەتی :

﴿ وَجَاءَتْ سَكْرَةُ الْمَوْتِ بِالْحَقِّ ۖ ذَٰلِكَ مَا كُنتَ مِنْهُ تَحِيدُ ﴿١٩﴾ ﴾ [ق] .

واتە : ناڕەحەتیەکانی کاتی مردن بەڕاستی هات ، ئەوە ئەوەیە کە نەتدەتوانی خۆتی لێلابدەیت .

برام : قەبر و تاریکی قەبر وەبیری خۆت بهێنەوە ، وە بەڕاستی قەبر یان باخچەیەکە لە باخچەکانی بەهەشت یان چاڵێکە لە چاڵەکانی ئاگری دۆزەخ .

برام : ڕاوەستان لەبەردەستی خوای گەورەدا لە ئەو مەوقیفە گەورە و ئەو مەترسییە زۆرەدا لە ڕۆژێکدا کە ئەندازەکەی پەنجا هەزار ساڵە وەبیری خۆت بهێنەوە ، ڕۆژێك کە تێیدا لەبەردەستی خوادا ڕادەوەستین لەشەکانمان ڕووتە و پێیەکانمانیش پەتیە و چاوەکانمان ئەبڵەقە .

ئەو ڕۆژە گەورەیە وەبیری خۆت بهێنەوە کە تێیدا خۆر نزیك دەبێتەوە لە سەری بەندەکان بە ئەندازەی یەك میل ، ئەوانیش دەخرێنە نێو ئارەقی خۆیانەوە بە پێی کردەوەکانیان ، هی وایان هەیە تاوەکو هەردوو قولەپێی ، وە هی واشیان هەیە تاوەکو هەردوو لاکەلەکەی ، وە هی

واشیان هەیە ئارەق قووتی دەداتەوە و دەیپۆشێت[(١)] .

ڕۆژی نمایش کردنی بەندەکان بۆ خوای گەورە وەبیری خۆتان بهێننەوە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿يَوْمَئِذٍ تُعْرَضُونَ لَا تَخْفَىٰ مِنكُمْ خَافِيَةٌ ﴿١٨﴾﴾ [الحاقة] .

واتە : لەو ڕۆژەدا نمایش دەکرێن و هیچ شتێکتان لێ شاراوە نابێت .

کێشانە کردنی کردەوەکان وەبیری خۆت بهێنەوە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿فَمَن ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴿١٠٢﴾ وَمَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ فَأُولَٰئِكَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنفُسَهُمْ فِي جَهَنَّمَ خَالِدُونَ ﴿١٠٣﴾﴾ [المؤمنون] .

واتە : هەرکەسێك تەرازووی چاکەکانی [یان کردەوە چاکەکانی] قورس بوو ئەوا ئەو کەسانە سەرکەوتوو و براوەن ﴿١٠٢﴾ وە هەرکەسێکیش تەرازووی چاکەکانی [یان کردەوە چاکەکانی] سووك بوو ئەوانە ئەو کەسانەن کە خۆیانیان دۆڕاندووە و لە دۆزەخدا بە هەتاهەتایی دەمێننەوە .

برام : ئەو ڕۆژە وەبیری خۆت بهێنەوە کە تێیدا مۆڵەت دەدرێت بە ئیماندارن بەوەی کە بڕۆنە ناو بەهەشتەوە ، وە ئەو ڕۆژەیش وەبیری خۆت بهێنەوە کە بانگکەرێك بانگ دەکات و دەڵێت : ئەی ئەهلی بەهەشت : ((إِنَّ لَكُمْ أَنْ تَصِحُّوا فَلاَ تَسْقَمُوا أَبَدًا ، وَإِنَّ لَكُمْ أَنْ تَحْيَوْا فَلاَ تَمُوتُوا أَبَدًا ، وَإِنَّ لَكُمْ أَنْ تَشِبُّوا فَلاَ تَهْرَمُوا أَبَدًا ، وَإِنَّ لَكُمْ أَنْ تَنْعَمُوا فَلاَ تَبْتَئِسُوا أَبَدًا))[(١)] .

واتە : ئەی ئەهلی بەهەشت : ئێوە ئەوەتان بۆ هەیە کە هەمیشە لەش ساغ بن و هەرگیز نەخۆش نەکەون ، وە ئەوەشتان بۆ هەیە کە هەمیشە بژین و هەرگیز نەمرن ، وە ئەوەشتان بۆ هەیە کە هەمیشە لە خۆشیدابن و هەرگیز ناڕەحەت بوون و غەمباری نەبینن .

وە ئەو ڕۆژە وەبیری خۆت بهێنەوە کە بانگکەرێك بانگ دەکات و دەڵێت : ئەی ئەهلی بەهەشت : ((إِنَّ لَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ مَوْعِدًا يُرِيدُ أَنْ يُنْجِزَكُمُوهُ ، قَالُوا : وَمَا هُوَ ؟ أَلَمْ يُبَيِّضْ وُجُوهَنَا ، وَيُنَجِّنَا مِنَ النَّارِ ، وَيُدْخِلْنَا الْجَنَّةَ ، وَيُنَجِّنَا مِنَ النَّارِ ؟ قَالُوا : بَلَى ، فَيُكْشَفُ الْحِجَابُ ، فَيَنْظُرُونَ إِلَى وَجْهِ اللَّهِ ، فَمَا أُعْطُوا نَعِيمًا مِثْلَ هَذَا النَّعِيمِ))[(١)] .

[(١)] ورد معنى ذلك في الحديث الذي رواه ابن حبان في صحيحه : (١٦ / ٣٢٥) ح : (٧٣٣٠) .

[(١)] رواه مسلم في صحيحه : (٤ / ٢١٨٢) ح : (٢٨٣٧) .

[(١)] ورد معنى ذلك في الحديث الذي رواه الترمذي في سننه (٤ / ٢٦٨) ح : (٢٥٥٢) ، وابن ماجه في سننه (١ / ٦٧) ح :

واتە : ئەی ئەهلی بەهەشت : بەڕاستی ئێوە وەعد و بەڵێنێکتان هەیە لای خوا دەیەوێت کە بۆتانی بەجێبێنێت ، ئەوانیش دەڵێن : ئەو وەعد و بەڵێنە کامەیە ؟ ئەوە نییە خوای گەورە ڕوومەتمانی سپی کردووەتەوە ، وە خستوومانێتە ناو بەهەشتەوە و لە ئاگری دۆزەخیش ڕزگاری کردووین ؟ دەڵێن : بەڵێ ، لەو ساتەوەختەدا پەردە لادەبرێت و ئەوانیش سەیری ڕوومەتی خوا دەکەن ، بەڕاستی هیچ خۆشیەکیان پێنەدراوە وەکو ئەم خۆشییە .

وە ئەو ڕۆژە وەبیری خۆت بهێنەوە کە بانگکەرێك بانگ دەکات و دەڵێت : ئەی ئەهلی بەهەشت : ((یَا أَهْلَ الْجَنَّةِ خُلُودٌ فَلاَ مَوْتَ ، وَیَا أَهْلَ النَّارِ خُلُودٌ فَلاَ مَوْتَ))[٢].

واتە : ئەی ئەهلی بەهەشت : ئەوە ئیتر ژیانی هەتاهەتاییە و مردن نەما ، وە ئەی ئەهلی ئاگر : ئەوە ئیتر ژیانی هەتاهەتاییە و مردن نەما .

بگەڕێنەوە بۆ لای خوا و تەوبە بکەن لە وتە و کردەوە خراپەکانتان تەوبەیەکی پاك و یەکجار لە هەموو تاوانەکان ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ تُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ تَوۡبَةٗ نَّصُوحًا ﴿٨﴾﴾ [التحریم] .

واتە : ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خوا تەوبەیەکی پاك و یەکجار لە هەموو تاوانەکان .

وە پارێزگاری بکەن لەسەر فەرزەکانی ئیسلام لە نوێژ و زەکات و ڕۆژوو و حەج و ڕەوشتە پیرۆزەکان ، وە خۆتان بە دوور بگرن لەوەی کە خوا حەرامی کردووە لەسەرتان .

* دوعا و پاڕانەوە :

خوایە ئیسلام و موسڵمانان سەربەز و باڵادەست بکە ، وە شیرك و موشریکینیش زەلیل و ڕیسوا بکە ، وە دوژمنانی دین تێك و پێك بدە ، وە عەبدە یەکخواپەرستەکانت سەربخە ، خوایە ئەم وڵاتە و تێکڕای وڵاتانی موسڵمانان ئەمن و ئاسایش بەرقەرار و ئارام و ئاسوودە بکە ئەی پەروەردکاری هەموو جیهانیان .

خوایە لە ئیماندارانی پیاو و ئافرەت و لە موسڵمانانی پیاو و ئافرەت خۆشببە ، وە

---

(١٨٧) .

[٢] رواه البخاري في صحيحه : (٤ / ١٧٦٠) ح : (٤٤٥٣) ومسلم في صحيحه : (٤ / ٢١٨٨) ح : (٢٨٤٩) .

www.ba8.org

دڵەکانیان یەکبخە ، وە نێوانیان چاك بکە ، وە سەریان بخە بەسەر دوژمنی خۆت و دوژمنی ئەوانیش .

خوایە سەرکردەکانی موسڵمانان چاك و ئیصلاح بکە ، وە نێوان ئەوان و هاوڵاتیانی ژێر دەسەڵاتیان کۆبکەرەوە لەسەر باشترین حاڵ ، وە لە فیتنە و ئاشووب بە دووریان بگرە ئەوەی دیارە و ئەوەشی کە شاراوە و نادیارە .

خوایە پێشەواکەمان پێشەوای موسڵمانان (عبد الله بن عبد العزيز)[١] موەفەق بکە بۆ هەموو خێر و چاکەیەك ، خوایە بۆی ببە بە یارمەتیدەر و سەرخەر ، خوایە تەندروستی و سەلامەتی و بێوەیی پێببەخشە ، خوایە موەفەقی بکە بۆ ڕەزامەندی خۆت ، وە وای لێبکە کە موبارەك و بە خێر و فەڕ بێت بۆ خۆی و بۆ کۆمەڵگاکەی و بۆ موسڵمانانیش هەر هەموویان .

خوایە ڕەحم بە فەرمانڕەوا (سلطان بن عبد العزيز) بکە ، وە لێی خۆشببە و ڕەحمی پێ بکە ، وە لە ئاست ئیسلام و موسڵمانانیش پاداشتی خێری بدەرەوە .

خوایە ڕەحم بە فەرمانڕەوا (نايف بن عبد العزيز) بکە ، وە لێی خۆشببە ، وە لە ئاست ئیسلام و موسڵمانانیش پاداشتی خێری بدەرەوە .

خوایە جێگرەکەیشی موەفەق بکە و بۆی ببە بە یارمەتیدەر و سەرخەر لە هەموو ئەوەی کە جێی خەمێتی ، وە موەفەقی بکە بۆ ئەوەی کە ڕاستە ، خوایە بەڕاستی تۆ بەسەر هەموو شتێکدا بە توانایت .

خوایە هەموو موسڵمانان موەفەق بکە بۆ تاعەت و گوێڕایەڵی کردنت ، خوایە لە ئاست ئێمەدا پاداشتی خێری بدەرەوە .

وە سوپاسی (خالد الفيصل) سەرۆکی لیجنەی ناوەندی حەج دەکەم و داواکارم خوای گەورە موەفەقی بکات و یارمەتی بدات لەسەر بەرپرسیاریەتیەکانی .

---

[١] مەبەستی شا (عبد الله)ی کوڕی (عبد العزيز)ی شای ئەو کاتەی شانیشی عەرەبستانی سعودیە ، کە لە بەرواری : (٣ / ٤ / ١٤٣٦ ك) بەرامبەر بە (٢٣ / ١ / ٢٠١٥) وەفاتی کرد ، داواکارین خوای گەورە ڕەحمی پێبکات و بە بەهەشتی بەرین شادی بکات .   وەرگێڕ

*** کۆتایی :**

داوا لە خوا دەکەم کە من و ئێوەیش موەفەق بکات بۆ ئەوەی کە خۆشی دەوێت و پێی ڕازیە .

﴿ رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِي ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٗ وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ حَسَنَةٗ وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ٢٠١ ﴾ [البقرة] .

ئەی پەروەردگارمان لە دونیادا چاکەمان بدەرێ و لە دواڕۆژیشدا چاکەمان بدەرێ و بشمانپارێزە لە سزای ئاگر .

سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ
وَسَلامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ ، وَالْحَمْدُ للَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ
وَصَلَّى اللَّهُ وَسَلَّمَ وَبَارَكَ عَلَى عَبْدِ اللهِ وَرَسُولِهِ مُحَمَّدٍ
وَعَلَى آلِــهِ وَأَصْحَابِهِ أَجْمَعِين

فائدة ذهبية :

قال إمام أهل السنة ورجل أيام الـمحنة الإمام أحمد بن حبل رحمه الله مُبينا فضل العلماء وعظيم أثرهم على الناس :

(الـحمدُ لله الذي جعلَ في كُلِّ فَترَةٍ من الرُّسل **بقايا من أهل العلم** :

ـــ يدعُونَ مَنْ ضَــلَّ إلــى الــهُدى ..

ـــ ويصبرونَ منهم على الأذى ..

ـــ يُــحيونَ بكتاب الله الــمَوتى ..

ـــ ويُبصرونَ بنورِ الله أهلَ العَمــى ..

ـــ فكم مِنْ قَــتيلٍ لإبليسٍ أَحيَوهُ ، وكم مِنْ ضالٍّ تائـهٍ قد هَــدَوهُ .. فما أحسنَ أثرُهُم على الناس وأقبحَ أثرُ الناسِ عليهم !!!

ـــ ينفُونَ عن كتابِ اللهِ تَحريفَ الغالين ، وانتــحالَ الــمُبطلين ، وتأويلَ الــجاهلين) [مُقدمة كتاب : "الــردُّ على الــجهمية"] .

www.ba8.org

الْحَمْدُ لله الذِّي وَفَّقَني لِتَرْجَمَة
هَذَا الْكِتَابِ الصَّغيرِ الْحجْمِ .. الْعَظيْمِ النَّفْعِ وَالْفَائدَة
(لَقَدْ بَدَأْتُ بِتَرْجَمَتِهَا مِنْ بَلْدَتِي كَلار ، وانْتَهَيْتُ مِنْهَا فِي الْمَدِينَةِ النَّبَوِيَّة
أَثْنَاءَ مَوْسِمِ عُمْرَةِ رَبِيْعِ عَامِ ١٤٣٦ مِنَ الْهِجْرَةِ النَّبَوِيَّة)

الْمَدِينَة النَّبَوِيَّة / بِدَاخِلِ مَسْجد رَسُول الله (ﷺ) / فِي الرَّوضَة الشَّرِيفَة بجَنْبِ مِنْبَرِ النَّبي (ﷺ)
قَبْلَ صَلاةِ الظُّهْر / ٢٤ / جَمَادي الأُوْلَى / ١٤٣٦ هـ

وَقَبْلَهُ وَفَّقَنِي اللهُ لِتَرْجَمَة رِسَالَة
(زَادُ الدَّاعِيَةِ إِلَى اللهِ عَزَّ وَجَلَّ)
لِفَضلَة الإِمَام الشَّيْخ مُحَمَّد بْن صَالِح الْعُثَيْمِين رَحِمَهُ اللَّهُ
أَثْنَاءَ مَوْسِمِ عُمْرَةِ رَبِيْعِ عَامِ ١٤٣٥ مِنَ الْهِجْرَةِ النَّبَوِيَّة

وَقَبْلَهَا وَفَّقَنِي اللهُ لِتَرْجَمَة رِسَالَة
(تَفْسِيْرُ سُوْرَةِ الْفَاتِحَة)
لِمَعَالِي الشَّيْخ صَالِح بْن فُوزَان الفُوزَان حَفِظَهُ اللَّهُ
أَثْنَاءَ مَوْسِمِ عُمْرَةِ رَبِيْعِ عَامِ ١٤٣٤ مِنَ الْهِجْرَةِ النَّبَوِيَّة

وَقَبْلَهَا أَيْضاً وَفَّقَنِي اللهُ لِتَرْجَمَة رِسَالَة
(الدُّرُوسُ الْـمُهِمَّةُ لِعَامَّةِ الأُمَّة)
لِسَمَاحَة الشَّيْخ عَبْدالعَزِيْز بْن بَاز رَحِمَهُ اللَّهُ
أَثْنَاءَ مَوْسِمِ حَجِّ عَامِ ١٤٣٣ مِنَ الْهِجْرَةِ النَّبَوِيَّة

اللَّهُمَّ ارْزُقْنِي الاتْيَانَ إِلَى الْحَجِّ وَالْعُمْرَةَ مَرَّات عَدِيْدَة
وَارْزُقْنِي الإِقَامَةَ فِي مَكَّة الْمُكَرَّمَة وَالْمَدِيْنَة النَّبَوِيَّة
ـــ قُولُوا : آمِيْن ـــ

أبو فردوس محمد بن عبدالرحمن الكردي العراقي

ماڵپەڕی بەهەشت
www.ba8.org